مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية
التربية للعلوم الإنسانية - جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

المجلد (20) العدد الاول - الجزء الثاني - أ - حزيران 2025

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
ISSN 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001

رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
المجلد (20) العدد الاول - الجزء الثاني - أ - حزيران 2025

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

المجلد (20) العدد الاول - الجزء الثاني - أ - حزيران 2025

مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك

ISSN 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

E. mail
kujhs@uokirkuk.edu.iq

رئيس التحرير
الأستاذ الدكتور
مراد إسماعيل أحمد

حزيران 2025

**أعضاء هيئة التحرير**

| ت | الاسم | اللقب العلمي | البلد | الاختصاص | مكان العمل | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. مراد إسماعيل احمد | أستاذ | العراق | الجغرافية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | رئيس هيئة التحرير |
| 2 | د. حيدر عادل محمد | مدرس | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | مدير هيئة التحرير |
| 3 | د. مشاري عبد العزيز محمد الموسى | استاذ | الكويت | اللغة العربية | جامعة الكويت كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 4 | د. سيد صادق عوض الله احمد | استاذ | مملكة البحرين | اللغة الإنكليزية | جامعة البحرين كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 5 | د. نازان توتاش | أستاذ | تركيا | اللغة الإنكليزية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 6 | د. فهد عباس سليمان | أستاذ | العراق | التاريخ | جامعة كركوك كلية التربية للبنات | عضو هيئة هيئة تحرير |
| 7 | د. نور الله جتين | استاذ | تركيا | اللغة التركية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 8 | د. كمال عبد الله حسن | استاذ | العراق | الجغرافية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 9 | د. زانيار فائق سعيد | استاذ | العراق | اللغة الانكليزية | جامعة السليمانية | عضو هيئة تحرير |
| 10 | د. جنار عبد القادر احمد | أستاذ | العراق | علوم تربوية ونفسية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 11 | د. دلال علي سليمان زريقات | استاذ | الأردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 12 | د. ياسر محمد طاهر | أستاذ | العراق | طرائق التدريس | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الصرفة | عضو هيئة تحرير |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | د. كاروان عمر قادر | استاذ | العراق | اللغة الكوردية | جامعة السليمانية كلية اللغات | عضو هيئة تحرير |
| 14 | د. عصام مصطفى عبد الهادي عقلة | أستاذ مشارك | الامارات | التاريخ | جامعة خورفكان كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 15 | د. ابراهيم بن يحيى بن زهران البوسعيدي | أستاذ مشارك | سلطنة عمان | التاريخ | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 16 | د. نزيه إبراهيم المناسية البطوش | استاذ | الاردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 17 | د.خالصة الغباري | أستاذ مساعد | سلطنة عمان | اللغة الإنكليزية | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 18 | د. مهدي قيس عبد الكريم الجنابي | أستاذ مساعد | الامارات | علوم القران | جامعة الشارقة كلية الشريعة والدراسات الإسلامية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 19 | د. إسماعيل البر قومسر | أستاذ مساعد | تركيا | اللغة التركية | جامعة دوزجه | عضو هيئة تحرير دولي |
| 20 | د.فارس محمود محمود | أستاذ مشارك | سويسرا | الجغرافية | جامعة بيرن | عضو هيئة تحرير دولي |
| 21 | د. كامل عبد القادر حسين | أستاذ مساعد | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 22 | د. عز الدين صابر محمد | أستاذ مساعد | العراق | اللغة الكوردية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 23 | د. خالد احمد هواس | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 24 | د. محمد اكبر بور | أستاذ مساعد | ايران | الجغرافية | جامعة ريزا كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | د. علي هادي حسن | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 26 | د. مجيد احميد جدوع الزبيدي | استاذ | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 27 | د. محمد علي شريف | أستاذ مساعد | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 28 | د. زينب عصمت صفاء الدين | مدرس | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 29 | د. عماد عبد الله مراد | مدرس | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |

مقدمة

يشرفني أن أقدم لكم هذه المقدمة التي تسلط الضوء على الدور الحيوي والمهم للبحوث التي يقدمها الباحثون للمجلة، والتي تسهم بشكل فاعل في تعزيز وتطوير مجالات الدراسات الإنسانية. إن المجلة تهدف إلى توفير منصة علمية رائدة لنشر الأعمال الأكاديمية التي تتناول قضايا حيوية في مختلف فروع العلوم الإنسانية، بما في ذلك الفلسفة، وعلم الاجتماع، والأنثروبولوجيا، وعلم النفس، واللغة، والتاريخ، والفنون، وغيرها.

إن الأبحاث المقدمة للمجلة ليست مجرد نتائج لدراسات علمية، بل هي محطات فكرية تعكس تطور المفاهيم والنظريات في هذه المجالات. تعمل هذه الدراسات على طرح حلول للمشاكل المعاصرة، وفهم الظواهر الإنسانية في سياقاتها المختلفة، كما تساهم في تقديم رؤى جديدة لتطوير المجتمع وتعزيز الوعي الثقافي والعلمي.

إن الدور الكبير لهذه البحوث لا يتوقف عند نشر المعرفة فقط، بل يتعداه إلى تحفيز التفكير النقدي والإبداعي، ودعم الجهود الأكاديمية في بناء قاعدة معرفية متينة تُسهم في تحريك عجلة التغيير والتطور في المجتمعات الإنسانية. ولذلك، فإننا نعتبر هذه البحوث أداة أساسية في تطوير الفكر الإنساني، ودعم المساعي المستمرة لتحسين جودة الحياة البشرية عبر أبعادها المختلفة.

نتطلع في المجلة إلى استقبال مزيد من الدراسات الرصينة التي تثرينا وتوسع آفاقنا العلمية، مؤمنين بأن هذه الإسهامات العلمية هي حجر الزاوية في بناء مستقبل أكثر إشراقاً في مجال الدراسات الإنسانية.

**رئيس هيئة التحرير**

**ا. د. مراد إسماعيل احمد**

# شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

1. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع ( https://kujhs.uokirkuk.edu.iq ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.
2. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن 25 خمس وعشرين صفحة وبواقع (5000 الى 10000 ) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة 1.5، خط بحجم 14، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط ( Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (14) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.
3. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.
4. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.
5. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.
6. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.
7. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (250) كلمة.
8. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.
9. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.
10. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

11. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

12. يمنح الباحث مدة أقصاها ثلاثة اشهر لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

13. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، 2008: 214) أو ( العزاوي، 2008).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (1) ، (2) ، (3) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر )، عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان 2011، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

14. يستشهد الباحث ببحثين على الأقل منشورين في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

15. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.

16. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (150.000) مائة الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (25) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (5.000) خمسة الاف دينار لكل صفحة.
17. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.
18. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

## فهرست البحوث المنشورة
## بحوث علوم القران


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | مقاصد عقوبة القتل قصاصاً في الشريعة الاسلامية | م. د. اكرم محمد عايد سعدون | 1-19 |
| 2 | منهج المقاصد الشرعية في مكافحة الفساد الإداري | ا. م. د. ثامر حمزة داود<br>م. م. مها احمد كمال العاني | 21-27 |
| 3 | الأحكام الفقهية المتعلقة بالمني الصناعي | أ. م. د. خالد خزعل خميس | 28-48 |
| 4 | أسباب الجهاد في سبيل الله تعالى في كتاب – أحكام الجهاد وفضائله– للإمام عبد العزيز بن عبد السلام– رحمه الله تعالى– دراسة موضوعية في التفسير الفقهي لآيات الجهاد | أ.م.د.صالح ابراهيم حسين البياتي | 49-74 |
| 5 | التعارض بين الحقيقة اللغوية والحقيقة العرفية في باب الأيمان وأثر ذلك على الفروع الفقهية | م. م. ضياء رعد مجول | 75-99 |
| 6 | الخاص ، والعام المخصص في سورة الاحزاب | م. د. منال عبدالله رشيد | 100-153 |

## بحوث العلوم التربوية والنفسية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | أثر برنامج تعليمي قائم على توظيف تقنيات الذكاء الاصطناعي ومنصات التعاون الرقمي في تنمية مهارات الكتابة الإبداعية لدى طلاب الصف الخامس الادبي في مادة اللغة العربية | ا. م. د. حمدي إسماعيل احمد علي | 154-199 |
| 2 | الثقافة الرقمية وعلاقتها بالميل الى الكمالية لدى طلبة الجامعة | أ. م. د. ذكرى عبد الحافظ عبد اللطيف | 200-232 |
| 3 | التجول العقلي وعلاقته بالتلكؤ الأكاديمي لدى طلبة الجامعة المستنصرية | أ.م. د علي سعد كاظم | 233-256 |
| 4 | اثر استراتيجية قمع الافكار في تحصيل مادة التاريخ عند طلاب الصف الخامس الادبي وتنمية مهارة قراءة الخرائط التاريخية | م. م. عمر مصطفى البياتي | 257-286 |

## بحوث الجغرافية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | الخرائط الاحصائية للخدمات التعليمية في مدينة تازة خورماتو | م. د. ايلاف شاكر محمد شريف البرزنجي | 287-308 |
| 2 | التحليل الجغرافي للزواج المبكر للفتيات وآثاره السلبية في قضاء كركوك لعام 2024 | م. د. حسين سردار محمد علي أحمد | 309-334 |
| 3 | الآثار التنموية لطرق النقل في تحقيق توازن البيئة الحضرية في محافظة الأنبار | ا. م. د. كرامي عبد الغفور على الحديثي | 335-355 |

## بحوث التاريخ


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | اتفاق ستريسا عام 1935 دراسة تاريخية | م. د. أسماء عبدالكريم إبراهيم | 356-372 |
| 2 | التعليم المهني في كركوك (١٩٤٥ – ١٩٥٨) في ضوء تقارير وزارة المعارف | م. م. اسن عثمان حسين التون | 373-405 |
| 3 | الدور السياسي والاجتماعي لأوغستا في الإمبراطورية الألمانية (1890–1811) | م. م. زينب حسن شكور | 406-421 |
| 4 | وسائل الانتاج الزراعي وطرق الري في الاندلس في عصر الامارة ( 138–316هـ / 756–929م ) | م. م. عامر عبود ادهام | 422-452 |
| 5 | اثر القيادة النبوية في تعزيز الروح المعنوية ( معركة أُحد انموذجا) | م. د. محمود دخيل علي القيسي | 453-477 |
| 6 | نزوح الأثوريين العراقيين الى سوريا وموقف الحكومة العراقية منه عام 1933 دراسة وثائقية | م. د. مهند علي فرحان الجبوري | 478-495 |
| 7 | انعكاس الوضع السياسي في كركوك في الصحافة الكردية (السرية) خلال الفترة 1981–1984 | م. د. ئارمزوو يوسف حسن<br>ا. م. د. نشميل صابر عبدالله | 496-523 |
| 8 | المواقف التي أقسم عليها رسول الله ρ دراسة تاريخية تحليلية | أ.م. د. خالد دعيجل نجم عبد الله | 524-556 |
| 9 | البدايات الأولى للطيران والملاحة الجوية العثمانية 1911- 1918م | م. د.  نجم الدين عبد الستار صادق ليلاني | 557-584 |


## مقال


| | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | نزول السيد المسيح عليه السلام | م. د. صفا غانم ابراهيم | 585–593 |

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq
*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.159402.1193*
Date of research received 23/04/2025, Revise date 20/05/2025 and accepted date 24/05/2025

# Reflection Of The Political Situation In Kirkuk In Kurdish (Secret) Journalism In 1988-1984

**Dr. Arazu Yousf Hsan**

**Assist. Prof. Dr. Nashmil Saber Abdullah**

**Abstract**

This research is about (Kirkuk events in Kurdish journalism 1984-1988).In this context, the attitude and attention of Kurdish journalists on the events in Kirkuk and the policy of the Iraqi government and its consequences is emphasized, of course, by highlighting the inside of the events The first topic describes the government's policy in Kirkuk. The first topic describes the changes in the working units and boundaries of the province and the government's policy on degradation and relocation Reactions on the residents of Kirkuk and its surroundings. The third topic is the confrontation between the government and Kurdish forces in both armed and non-armed areas

**Keywords:** Politics, Peshmerga, Journalism, Kirkuk, Battle of Qadsia

# انعكاس الوضع السياسي في كركوك في الصحافة الكردية (السرية) خلال الفترة 1984–1981

**م. د. ئارەزوو يوسف حسن**[1]

**ا. م. د. نشميل صابر عبدالله**[2]

**الملخص**

يتناول هذا البحث (أحداث كركوك في الصحافة السرية الكردية 1984-1988). ولذلك تم التأكيد على موقف واهتمام الصحافة السرية الكردية بالأحداث في كركوك وسياسة الحكومة العراقية وتداعياتها. يتكون البحث من مقدمة وثلاثة مباحث. الموضوع الأول يوضح سياسة الحكومة في كركوك. أولا: التغيرات في الوحدة الإدارية للمحافظة وسياسة الحكومة بشأن التهجير والتوطين الحكومة وردود أفعالها تجاه سكان كركوك ومحيطها. الموضوع الثالث هو المواجهة بين الحكومة والقوات الكردية في المناطق المسلحة وغير المسلحة.

**الكلمات المفتاحية:** السياسة، البيشمركة، الصحافة، كركوك، معركة القادسية.

1 جامعه صلاح الدين / كليه الأداب/ قسم التاريخ arazu.hasn@su.edu.krd
2 جامعه صلاح الدين / كليه الأداب/ قسم التاريخ nashmil.abdullah@su.edu.krd


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

# ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی کەرکووک لە ڕۆژنامەگەریی کوردی (نهێنی) لە ١٩٨٤-١٩٨٨

د.ئارەزوو یوسف حسن      د.نشمیل صابر عبداللّٰه

بەشی مێژوو، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

بەشی مێژوو، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی بە (ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی کەرکووک لە ڕۆژنامەگەریی کوردی (نهێنی) لە ١٩٨٤-١٩٨٨). هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی هەڵوێست و بایەخدانی ڕۆژنامەوانی کوردی لە سەر ڕووداوەکانی کەرکووک و سیاسەتی حکومەتی عێراق و دەرئەنجامەکانی، بێگومان ئەمەش بە تیشک خستنە سەر دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی هەواڵ و داتا تایبەتیەکانی ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا، بەهۆی نزیکی بڵاوکراوە ناوخۆییەکان لە ڕووداوەکان سەنگ و پێگەیەکی دیاری لە نێو بواری ڕاگەیاندا هەبووە، لەم توێژینەوەیە تیشک خراوەتە سەر سیاسەتی حکومەت لە کەرکووک و ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتە و گۆرانکاریی یەکەی کارگێری و سنوری پارێزگاکە و سیاسەتی حکومەت لە تەعریب و ڕاگواستن، کە پشت بەداتا بڵاوکراوەکانی ئەم ماوەیە بەستراوە، هاوکات ئاماژەدان بە کاریگەری شەری قادسیە لەسەر سیاسەتی حکومەت و کاردانەوەکانی لەسەر دانیشتووانی کەرکووک و دەروبەری. لە کۆتاییدا ڕووبەڕووبونەوە لە نێوان حکومەت و هێزە کوردییەکان لە هەردوو بواری چەکداری و ناچەکداری خراوەتەڕوو.

کلیلی وشەکان: سیاسەت، پێشمەرگە، ڕۆژنامەگەریی ،کەرکووک، شەڕی قادسیە

**- پێشەکی:**

ڕۆژنامەنووسی کوردی لەماوەی نێوان سالانی 1984-1988، لە ڕووی بایەخدان بەهەواڵ و خستنە ڕووی زانیارییەکانی پەیوەست بە مێژووی نەتەوەیی کورد کەم تا زۆر ڕۆڵی بینیوە، ئەمەش گرنگی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە و زانینی ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەکە و سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتان بەرامبەر بە دۆزی کورد هەیە. لێکدانەوە و باسکردنی ماوەیەکی گرنگ و هەستیاری مێژوویی لە گۆشەی ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی هاوسەردەم و نیشاندانی ڕەوشی ناوچەکە و هەڵوێستی بڵاوکراوە کوردییەکانە بۆ دۆزی کورد، دیاری کردنی خاڵە نەرێنیەکانی سیاسەتی حکومەتی عێراقە لە پارێزگای کەرکووک.



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ئامـــانج لەم تـــوێژینەوەیە دیـــاریکردن و ناســـاندنی ڕووداوەکـــان و لێکـــدانەوەی دەســـەڵاتدارانی حکـومەتی عێـراق و بەرپرسـیارییەتی ڕۆشـنبیرانی کـوردە بـۆ دۆزی کـورد، وەڵامدانەوەی ئەو خاڵ و ئەگەرانەیە کە لە بارەی ڕەوش و گوزەرانی تاک و لاوی کورد لە کەرکووک هەبووە، خستنە ڕووی واقعی ناوچەکەیە لەو ڕۆژگارە حکومەتی عێراق بەسەر دانیشتووانی کەرکووکی هێناوە.

**ـ میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە نووسینی تـوێژینەوەدا بـریتیە لە باسـکردن و شـیکردنەوەی بـابەتیە بـۆ ڕووداوە مێژووییەکان، بەرچاو کردنی ساڵ بەندی لە بەدواداچوون و وردەکارییەکانی بابەتەکاندا.

**ـ سنووری توێژینەوەکە:**

لە ڕووی مـــاوەیەی مێـــژووییەوە ســـنووری تـــوێژینەوەکە ســـاڵانی ١٩٨٤ـ١٩٨٨ گرتـۆتەوە، ئەمەش دەگەرێـتەوە بـۆ ئەوەی ناوەڕاسـتی سـاڵانی هەشـتا لە ڕووی سیاسـیەوە زۆرتـرین چـالاکی و ڕووداو لەکەرکـووک ڕوویانـداوە، ئەمەش وایکـردووە ڕەنگدانەوەیان زەقتـر لەنێـو ڕۆژنـامەگەریی کوردیدا ببینـدرێت ، لەم سۆنگەیەوە کە تێدا جەخت لە سـەر پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی کورد و سیاسەتی ناهاوسەنگی حکومەت لە بەرامبەر هاووڵاتیانی کورد لە پاڵ شەڕ ونەهامەتیەکانی شەڕی قادسیە کراوەتەوە.

**ـ سوود بەخشەکانی توێژینەوەکە :**

لەم تـوێژینەوە بە پلـەی یەکەم پشت بەو گۆڤار و ڕۆژنامانـە بەستراوە کە لەم ماوەیە دەرچـوونە باسـیان لە ڕووداوە سیاسـیەکانی کەرکـووک کـرد بێـت، بەتـایبەتی گۆڤـاری بـابە گوڕگـوڕ و هەر دوو ڕۆژنـامەی (خەبـات و ڕێبـازی نـوێ)ی شـاخ، کە زمانحـالی پـارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوونە، بەهۆی ئەوەی تاڕادەیەکی باش ئەو بلاوکراوانە لە گۆشـەی جیاوازەکانیاندا بایەخدانە بە مەسـەلەی کورد و ڕەوشـی سیاسـی کەرکـووک داوە، لە هەمـان کـات بـۆ پشـت ڕاسـتکردنەوەی زانیارییەکـان سـوود لە هەنـدێ ژێردەر و بڵاوکراوەی دیکە بەستراوە.

**ـ تەوەری یەکەم : سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کەرکووک١٩٨٤ـ١٩٨٨**

سیاسـەتی حکـومەتی عێـراق لە ڕاوەدوونـان و گرتنـی بەکـۆمەڵ زۆرینـەی نـاوچە کوردنشینەکانی گرتبووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە دانیشتووانی کەرکـووک زیـاتر لە هەر


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ناوچەیەکی دیکەی کوردنشین کاریگەرییەکانی ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراقیان بەسەرەوە بووە، ئەم لایەنەش لە گۆشەی ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا بەزەقی بینراوە، هەر لەم ڕوانگەوە سیاسەتی حکومەت لە نێو رۆژنامەگەریی کوردیدا ڕەنگدانەوەیەکی قوڵتری بینووە لە دیارترین ئەم لایەنانە بەپلەی یەکەم:

**ـ گۆرانکاریی یەکەی  کارگێری ناوچەکە :**

سەبارەت بە گۆڕانکاری یەکەی کارگێری پارێزگای کەرکووک لەڕووی پاشخانی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢١ و سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی نوێی عێراق، بەڵام لە ساڵانی نێوان ١٩٢٩-١٩٧٨ یەکە کارگێرییەکانی ئەم پارێزگایە گۆرانکاریی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیووە، بەهۆیەوە هەندێ قەزا و ناحیەی لێ دابراندراوە، و هاوکات هەندێ قەزای تر خراوەتە پاڵی، سەرباری ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٩ پارێزگاکە لە ڕووی کارگێرییەوە بریتی بووە لە قەزای کەرکووک و داقوق و ئاڵتون کۆپرێ و ناحیەی چەمچەماڵ و ناحیەی کفری و ناحیەی گیل، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٧ گۆرانکاری زیاتر لە یەکە ئیدارییەکانی سنوری پارێزگاکە کراوە، کە گرنگترینیان لکاندنی  قەزای کفری بە پارێزگای دیالە بووە، هەرئەوەندەش تا لە ١٩٧٥ بەبریاری ژ(٦٠٨) حکومەتی ناوەندی عێراق لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥ قەزای (زاب)ی  لە پارێزگای موسڵ بە پارێزگای کەرکووک لکاندووە ( IHSAN.2021.p7).

جگە لەمەش بە فەرمانی کۆماری ژمارە 41ی 29ی 1ی 1976 ناحیەی توزخورماتو و دەوروبەری جگە لە داقوق لە کەرکوک جیاکردۆتەوە و بە پارێزگاری سەلاح دینی لکاندووە. لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ ناوی پارێزگای کەرکووک بۆ (تەئمیم) گۆراوە (ڕۆژهەلاتی، ٢٠١٨،ص١٤٤). سەبارەت بە گۆڕینی ناوی پارێزگای کەرکووک بۆ تەئمیم، کەمکردنەوەی قەزاو لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بەم شێوەیە باسکراوە، (سەرباری هەوڵ و سیاسەتی حکومەتی بەعس بۆ کەمکردنەوەی نفوزی کورد، ئەمجارە حکومەتی بەعس قەزای کفری (بە ناحیەی قەرتبە و جەبار و کوکس و سەر قەلا)وە خستوەتە سەر پارێزگای دیالە، دوزخورماتو بە ناحیەی ( قادر کەرەم، نەوجول، ئامرلی و سلێمان بەگەوە) خستوەتە سەر پارێزگای تکریت ) ( سەلاحەدین) ( خەبات، ژ(٥٥٤-٥٥٥)، ١٩٨٥، ل٧).

**ـ سیاسەتی بەعەرە بکردن لە کەرکووک :**

کەرکووک لە گرنگترین مەڵبەندی تەعریب کراوی کوردستانە، حکومەتی عێراق لە پێناو بە تەعریب کردنی دانیشتووانی کەرکوك سیاسەتی جۆراوجۆی بەکار هیناوە، یەکەم هەوڵی بە دوورخستنەوەی کرێکارەکانی کانەکانی نەوت و هێلی شەمەندەفەروکارگەی کبریت دەستپیکرددوە ، ئینجا دواتر بەشێوەیەکی ناراستەخۆ دەستیکردووە بە بەکرینی زەوی و مولکەکانی کوردەکان و لە بەرامبەردا رێگەی نەواوە زەوی و مولك بەکوردەکان بفرۆشرێ ، دواسیاسەتی بریتی لە گۆرینی پەیکەری ئیداری و پارچە پارچەکردنی ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردنشینن گرێدانیان بەو یەکە ئیداریانەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەب نشینن ( خەبات ، ژ(٥٥٤-٥٥٥)،کانوونی دووەم و شوبات ١٩٨٥) ل٧-٩).

ساڵانی هەشتاکان بەیەکێک لەو قۆناغانە دادەنرا کە ڕژێم زۆرترین سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوکی تێدا جێبەجێ کردووە، بەو پێیەی گەڕەکی نیشتەجێبوونی یەکگرتوو لە ناوەند و پەراوێزی کەرکوک بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبەکان دروستکرا، کورانی عەرەبەکان بۆ کاری جۆراوجۆری سەربازی و ئەمنی دامەزران، ڕێگریکردن لە کورد و تورکمان لە خاوەندارێتی زەوییەکانیان. لە ئەگەری فرۆشتنی خانووبەرە، تەنها عەرەب مافی کڕینی هەیە، بەو پێیەی تورکمان و کورد بۆی نییە خانوو لە عەرەبێک بکڕێت، عەرەب بۆی نییە خانووەکەی بفرۆشێت بە تورکمانێک یان کوردێک، کورد بۆی هەیە خانووەکەی بە عەرەب و تورکمانێک بفرۆشێت. بەشێکی زۆر لە کورد و تورکمان کارەکانیان لەدەستدا و لە دەرەوەی کەرکوک گوازرانەوە بۆ ناوچە عەرەبییەکان یان ناوچەکانی باکور، لە بەرامبەر گواستنەوەی سەدان فەرمانبەری عەرەب بۆ کەرکووک و ناوەکانیان گۆڕدرا (العزاوی ، ٢٠٢٣، ص٨٥).

جگە لە گۆڕانکاری لە سنووره ئیدارییەکان، حکومەتی عێراق سیاسەتی دەستبەسەرداگرتنی زەویە کشتوکاڵییەکانی بە بیانووی بەکارهێنانی وەک سەربازگەی سەربازی بۆ سوپا پەیرەوکرد، ئەمەش لایەنێکی دیکەی سیاسەتی حکومەتی بەعس بووە، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراق پەلاماری نوێی بۆ سەر دێهاتەکانی کوردستان بەگشتی و کەرکووک بەتایبەتی هێناوە، ئەم لایەنە لەرۆژنامەگەریی کوردیدا بەم شێوەیە خراوەتەڕوو: ڕۆژنامەی (خەبات) دژ بەم سیاسەتەی حکومەت هەڵوێست وەردەگرێت و دەنووسێت (حکومەتی بەعس لە هەنگاوی نوێدا نا بەرپرسانە بە پاڵپشتی هێزەکانی سوپا بەپشتیوانی تۆپ و فرۆکە چەندین دێهاتی تەخت کردووە، لە هەر دوو مانگی مارت و نیسان لە پارێزگای

کەرکووک (٣٠) بۆردومـان کـراون ، لە پـاڵ بۆردوومـان کردنـی (١٣) گونـد لەپارێزگـای سلێمانی و (٤٠) گوند لە هەریەکێک لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکدا). ( خەبات ، ژ(٥٥٦-٥٥٧، مارت و نیسان ،١٩٨٥، ل٤).

(ڕێبازی نوێ) [1] وەک زمانحالی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەبەرامبەر سیاسەتی وێرانکردنی گوند و دێهاتەکان و سوتاندنی زەوییە کشتوکاڵییەکان، هەڵوێستی بۆ ڕای گشتی دەربڕیـووە، ئەوەی خستۆتەڕوو کە ئەم سیاسـەتەی حکومەت دەسـتپێکی پـلان و بەرنـامەی حیزبی بەعس بووە، نەک وەک ئەوەی بانگەشەی بۆ کراوە، کە گوایە وەڵامدانەوەی چالاکی پێشمەرگە بووە، لەبەر ئەوەی وێرانکردنی دێهاتەکان وەک (قلاوە ، قازیـاوە، حەسـەن تەپەی گەورە و بچووک) نەک هەر بەرەنگاربوونەوە لەم گوندانە نەکراوە بەڵکو یەک پێشمەرگەشـی لـێ نەبووە، ئەمە ئەو ڕاستیە دەسـەلمێنیت کە سیاسـەتی حکومەت بەرنـامە دارێژراو بـووە ( ڕێبازی نوێ ، ژ(٤)،نیسانی ١٩٨٥،ل٦). هەر بۆ هەمان مەبەست (ڕێبازی نوێ) بە وتـاری (پشکنینی شاری کەرکوک) لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥ ، ئاماژە بە ئابلۆقەی ڕۆژهەلاتی شـاری کەرکـووک دەکـات، مەبەسـتی قەدەغەی هـاتوچۆی تێـدا نـاوی هەریەک لەگەڕەکەکـانی (قەڵاوە، ئیمام قاسم و ئازادی و ئیسـکان و شۆریجە) دەهێنێت، دەنووسێت لە ١٥-١١-١٩٨٥ بەفەرمانی سەرکردایەتی گشتـی ئەمنـی حکومەتی بەعس فەرمـانی پشـکنینی شارەکان دراوە، بەم هـۆیەوە ژمـارەیەک لاویـان دەسـتگیرکردووە( ڕێبـازی نـوێ، ژ١١،تشـرینی دووەمـی ١٩٨٥،ل٢).

بەگـوێرەیی زانیارییەکـانی ڕۆژنـامەی (خەبـات) حکومەت لەسـەرەتای هەمـان مانـگ فەرمانێکی گشتی بۆ سەرجەم شارە کوردییەکان دەرکردووە، لەکەرکووک بەهۆی هەستیاری ڕەوشـی شـارەکە هێزەکـانی حکـومەت تووشـی بەرهەڵسـتکاری جەمـاوەربونەتەوە کوشـت و کوشـتارییان تێـدا ئەنجامدراوە، پەلامـاری گەڕەک و مـاڵە کوردەکانیـان داوە، دوای ئەوەی بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەمن فەرمانی پشکنین بەمەبەستی دەست گرتن بە سەر چەک و تەقەمەنی بێ مۆڵەت دراوە، لە نموونـەی ڕووداوەکە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ناوی هـاتووە، ڕووداوەکەی گەرەکـی ئـازادی بـووە، لە کـاتی پشـکنین لەگەرەکـی ئـازادی لە شـاری کەرکووک شەڕ و ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان هێزی پێشـمەرگەو سوپای حکومەت لە کاتژمێر سێی سەر لە بەیانی تاوەکو یازدەی نیوەڕۆ بەردەوام بووە، لە ئاکامدا سێ سەربازی حکومەت کوژراوە و چل و هەشت کەسیش بریندارکراوە، چوار هەلیکۆپتەر و ژمارەیەکی زۆر لەسوپا بەشـدارییان کـردووە، هەرچەنـدە لە ئەنجـامی ئەم ڕووداوە و پاشەکشـەکردنی پێشـمەرگەکان

ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان ڕاپێچی زیندان کراون( خەبات ، ژ(٥٥٨-٥٥٩)،کانوونی دووەمی ١٩٨٦، ل١٣). بەڵام دەکرێت بوترێت ئەمە زەنگێک و دەست پێکێکی ئەرێنی بۆ جەماوەر و خەباتی چەکداری و شکاندنی بێ دەنگی لەبەرامبەر سیاسەتی بەردەوامی حکومەت بووە.

لە بارەی بێبەشکردنی کورد لە زەوی و ماڵ و موڵکی خۆیان حکومەتی عێراق پەنای بردۆتە بەر سیاسەتی زەوی سوتاند کە جۆرێکی دیکە لە بێبەشکردنی دانیشتووانی کەرکوک لە خاک و شوێنی مانەوەیان بووە، بەم هۆیەوە گۆڤارێکی وەک بابەگوڕ گوڕ([2] )، کە بڵاوکراوەیەکی نهێنی لقی سێ (پارتی دیموکراتی کوردستان) (پ.د.ک) بووە، هەوڵی خستنەڕووی زانیارییەکانی تایبەت بە کەرکووکی داوە ، لە بابەتێکدا لەم بارەوە بە ناونیشانی (کەرکووک و سیاسەتی زەوی سوتێنراوی عەفلەقی یەکان)دا ئاماژە بە تاوانەکانی حکومەتی بەعس دەکات و دەنووسێت:" لەوەتەی عەفلەقیەکان جلەوی کاریان لە عێراقدا گرتۆتە دەست تەعریب و تەبعیس و ڕاگوێزان، خاسیەتی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمە فاشیەکان بۆ گۆرینی سیمای نەتەوەی پارێزگای کەرکووک بووە " . لە پاڵ گۆڕینی ناوی گەڕەک و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکاندا، سیاسەتی دابڕاندنی قەزا و ناحیەکانی لە کەرکووک بەمەبەستی تەعریب کردن و تاپۆکردن و خانوو و زەوی وزار لەسەر عەرەبەکان، بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەستیان کردووە، بەسیاسەتی (زەوی سوتاندن) و وێران کردنی گوندەکان و تۆپ باران و بووردوومان کردنیان و دواتر تەختکردنی لادێکان بە (بلدۆزەر)، ئەمەش بەمانای سڕینەوەی ناسنامە و زەوی نەتەوەیی لێکدەدرێتەوە ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٥)، کانوونی دووەم،١٩٨٦، ل ٧). هەر لەبارەی هەڵوێستی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە بارەی سیاسەتی ناڕەوایی حکومەت ڕۆژنامەیەکی وەک (ڕێبازی نوێ) لەژێر ناوی (پێشل کردنی مافی مرۆڤ لە عێراق) دەنووسێت (ڕژێمی ئەفلەقی سەدان مال و دێهاتی کاول کردووە، خەڵکەکەیان پەرتەوازە کرد، سەدان کرێکاری کارگە و کۆمپانیاکانی کەرکووک و خانەقین و چەند شوێنی تر دەرکرد و سیاسەتی ئیستعماری و نیشتەجێ کردنی عەشایەری عەرەب لە شوێنیان دا پەیرۆکرد). ( ڕێبازی نوێ، ژ(٩)، حوزیران ١٩٨٥،ل٦).

لە درێژەی سیاسەتی زەوی سوتاندن لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ هێزێکی سەر بەحکومەتی بەعس پەلاماری چەند دێیەکی دیکە لە ناوچەکانی کەرکووک و دەورووبەری دەدەن، نموونەی ئەمانەی ناویان هاتووە دێی( کورە داودێ) بووە لە چەمچەماڵ دەستکراوە بە سوتاندن و ئاوارەکردنی دانیشتووانەکەی دواجار تەخت کردنی بە بلدۆزەر، سەرباری

بۆردوومان کردنی ناوچەکە لەلایەن فرۆکەکانی حکومەت، ژمارەیەک هاوولاتی بریندار کراون، لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ هێزەکانی سەر بەحکومەت دێیەکانی(قەرەتامور)ی بە بلدۆزەر تەخت کردووە و دانیشتووانەکەی ئاوارەکراون و هەریەک لە ناوچەکانی قەرەتامور، قەلاچوغە و زەنان بەهەلیکۆپتەر بۆردوومانکراوە، لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ دێی (نورە، عەلی منجور، ژالە، چولمک، کانی مستەفا، هەکز ، باینجان) بەهەمان شێوە بە سەختی تۆپ باران کراوە( بابەگوڕگوڕ، ژ(٦)، شوباتی ١٩٨٦،ل١٤). بە بەراودکردنی زانیارییەکان بەگوێرەی هەندێ زانیاری لە سەرچاوەکاندا لەبارەی سیاسەتی وێرانکردن و ڕاگواستنی ناوچە کوردنشینەکانی کەرکووکدا هاتووە کە تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ زیاتر لە ٤٢،٤٨٨ کم بووە واتا لە ٤٩،٤١ % خاکی کوردستانی گرتۆتەوە، زۆرینەی ناوچە تەعریب کراوەکان ناوچەی دەوڵەمەند بوونە بە نەوت، ئەمەش وایکردووە حکومەتی بەعس ڕاگواستنی ناوچەکە بخاتە بەرنامەیەکی تایبەتدا و کار لەسەر گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی کوردستان بکات، لە نموونەی ئەم ناوچانەش شاری کەرکووک بووە، سەرباری سوتاندن و وێرانکردنی سەدان ماڵی کورد بەپشتێنەی (٢٠.٠٠٠) ماڵە عەرەب بە ئۆردوگای سەربازی ئابلۆقە بدات( عومەر گوڵ،٢٠١٠، ل ٤٥).

ڕۆژنامەی(ئاڵای ئازادی) هەڵوێستی پارتەکە لەبەرامبەر بەسیاسەتی بەعەرەب کردنی کوردستان لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەوتارێک بەناونیشانی ( خاپوور کردنی کوردستان هەرەشە لەنەمانی گەلەکەمان دەکات)، ئاماژە بەوە دەکات حکومەت بەبیانووی ئەوەی ئەوشوێنانەی بەشێکیان لە سنووری ئۆتۆنۆمی نین یان بەهۆی بوونی سەرچاوەی نەوتیەکان لەبەشێک لەناوچەکان و بوونی ستراتیجی ئەم شوینانە بۆ حکومەت دەبێت بکرێتە ناوچەی قەدەغەکراو ( ئالای ئازادی ، ژ(٣) ، حوزیرانی ١٩٨٦، ل٣). بە گوێرەیی زانیارییەکانی نێو رۆژنامەگەریی کوردیی لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٦ سیاسەتی گۆرینی سیمای نەتەوەیی شارەکە بەردەوام بووە ، بەتایبەت لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٥ هەموو دانیشتووانی گوندی ساڵەیی بریاری چۆلکردنیان لەلایەن سوپای حکومەتی ناوەندییەوە دراوە ، کە نزیکەی (٣٠٠- ٤٠٠) ماڵ بوونە ئەمەش لایەنێکی دیکەی سیاسەتی بەعەرەبکردنی شاری کەرکووک بووە( ئاڵا ئازادی ، ژ(٧،٦) تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٦،ل٣).

لە بابەتێکی دیکەدا گۆڤاری (بابەگوڕگوڕ) هەڵوێستی خۆیی بەبابەتێک ببە ناونیشانی( تاوانێکی دڕندانە) دەردەبرێت و دەنووسێت کە لە ٢٠-٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦

گوندەکانی (تومار، قەنار، تورکە چیای سەوز، تلیان، کۆچەک، نەخشینە)ی لە ناوچەی شوان تۆپ باران کردووە. لە هەمان ماوەدا حکومەت لەگەڵ گواستنەوەی فەرمانگەکانی میری لە ناحیەی سەنگاو ـ چەمچەماڵ دەستی کردووە بە تۆپ باران کردنی ناوچەکە، تەنانەت لە ٣ی ئاداری ١٩٨٦ شەقامی سەرەکی سەنگاو ــ چەمچەماڵ بۆردوومان کردووە، دوای ئەم هەنگاوانە چەند خێزانێکی دیکەی کورد لە کەرکووک بەتۆمەتی نەبوونی ناویان لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧ بەزۆرە ملێ بۆ خوارووی عێراق ڕەوانە کراون. ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٧)، ئاداری ١٩٨٦،ل١٠).

جارێکی دیکە لە بابەتێکی دیکەدا گۆڤاری بابەگوڕگوڕ بە ناونیشانی( تاوانێکی دڕندانە) باس لەوە دەکات کە لە ٢٠-٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ گوندەکانی (تومار، قەنار، تورکە چیای سەوز، تلیان، کۆچەک، نەخشینە)ی لە ناوچەی شوان تۆپ باران کردووە. لە هەمان ماوەدا حکومەت لەگەڵ گواستنەوەی فەرمانگەکانی میری لە ناحیەی سەنگاو ـ چەمچەماڵ دەستی کردووە بە تۆپ باران کردنی ناوچەکە، تەنانەت لە ٣ی ئاداری ١٩٨٦ شەقامی سەرەکی سەنگاو ــ چەمچەماڵ بۆردوومان کردووە، دوای ئەم هەنگاوانە چەند خێزانێکی دیکەی کورد لە کەرکووک بەتۆمەتی نەبوونی ناویان لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧ بەزۆرە ملێ بۆ خوارووی عێراق ڕەوانە کراون. ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٧)، ئاداری ١٩٨٦،ل١٠).

هەر لەم بارەوە رۆژنامەی (ئالای ئازادی)(3)، وەک ئۆرگانی ناوەندی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ، ئاماژە بە سوپای ناوەندی حکومەتی عێراق دەکات، لە ٢٣ی ئابی ١٩٨٦ بەهێزێکی زۆرەوە لە دوو قۆڵەوە هێرشیان کردووەتە، سەر چەند گوندێک لە کەرکووک لەوانە ( شوان و سالەیی) لە قولی یەکەم هێزی حکومەت و هەندێ لە بەکرێگیراوەکان بەحەوت زرێپۆش هێرشیان کردووەتەوە سەر گوندی (گوکچە) و دەوروبەری و لە ئەنجامدا ١٤٥ مالیان تەخت کردووە، لە بەرەی دووەمدا سوپای حکومەت هەریەک لە گوندەکانی (کەلور ، بیبانی ، زەرتان)یان لە ناوچەی سالەیی کردۆتە ئامانج و ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی ناوچەکەیان بەرەو زیندانەکانی کەرکووک ڕاپێچ کردووە(ئاڵای ئازادی ، ژ(٥) ، سالی (١)، کۆتایی ئەیلولی ١٩٨٦،ل٥).

بەگوێرەی داتای یەکێک لەسەرچاوەکان لە ناوەڕاستی هەشتاکان تاوەکو 1988دا ڕژێمی بەعس هەموو گوندەکانی سەر بە قەزای ئالتون کوپری(پردێ) وێران کردووە کە هەموویان کوردی بوون، تەنانەت ئەو گوندانەی دەکەونە هەردوو دیوی ڕێگای سەرەکی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

نێوان کەرکووک ـ هەولێر خەڵکەکەیان بۆ ژمارەیەک ئۆردوگای زۆرەملێ لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕاگواستووە. هەروەها ڕژێم ژمارەیەک کەمپی گەورەی لە نێوان کەرکوک و پردی ئاڵتون دامەزراندووە( طالبانی، 1999، ص84).

جارێکی دیکە لەبارەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ دابڕاندنی کەرکووک لەوتارێکدا بەناوی (قەدەغە........) باس لە بڕیاری حکومەتی بەعس بۆ قەدەغەی هاتووچۆی ئۆتۆمۆبێل لەبەشێک لەناوچەکانی کەرکوک و دەوروبەری کراوە، بۆ نموونە قەدەغەی هاتوچۆکردن لە (سەنگاو) لە دوای کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ و هەڕەشەی تەقەکردن لە سەرپێچی کەران، ئەمەش نیگەرانی زیاتری لێکەوتەوە کاتێک لە هەنگاوی دواتر بڕیار لەسەر قەدەغەکردنی کێلانی زەوی و کشتوکاڵی زستانەی جووتیاران لە ناوچەکە دراوە (باوەگوڕگوڕ، ژ(٥)، کانوونی دووەمی ١٩٨٦،ل٧).

هەستیاری ڕەوشی ناوچەکە و لە درێژەی بەردەوامی حکومەت لەسەر سیاسەتی ناوچە قەدەغەکراوەکان، لە ٢ی شوباتی ١٩٨٧ حکومەت تۆپ بارانی دێێ( جانی) لە ناوچەی جەباری کردووە، بەم هۆیەوە چەند گوندێکی بەتەواوەتی تەخت کردووە، ئەمەش دوای دەست پێکردنی سیاسەتی دوورخستنەوەی دانیشتووانی کفری، جەباری، ساڵەیی، شوان) ( بابە گوڕگوڕ، ژ(١٤). نیسان و مایس ١٩٨٧، ل١٤).

سیاسەتی بێبەشکردنی جووتیارانی کورد لە زەویە کشتوکاڵییەکان بەردەوام بووە، هەر لەم ماوەیە لە تەمموزی ١٩٨٨ بەپێی داتای ڕۆژنامەگەریی کوردی (کەرکووک و شاری کۆنی کوردان کەرکووک لە کورد حەرام دەکرێت) ئاماژە بە سوتاندنی بەربوومی جوتیاران لەلایەن هەندێ لە چەکدارانی عەرەب لەناوچەکانی کوپر و مەخموور و دوبز و شوان و جەباری کراوە ( خەبات ، ژ(٥٨١)، تەمووزی ١٩٨٨ل١٢). لەسەر ئەم بنەمایەش لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٨) ژمارەی ئەو کوردانەی لە کەرکووک و دەوربەری کفری و چەمچەماڵ ڕاگواستراون بەگشتی( ١٣٦٠٠٨) بووە ( بارزانی، ٢٠٢١، ل٢٩١). لە نیسان و ئاداری ١٩٨٨ هەڵمەتی سێیەم و چوارەمی قەدەغەکردنی ناوچە کانی باشوور و ڕۆژهەڵات و باکووری شاری کەرکووک لەکۆی ١٢٢ گوندی ناوچەکە ١٢١ گوند بە تەواوی وێران کراوە((kninghts with ali.2010.p25 ). لێرەدا دەرکرێت بوترێت بەپێی زانیارییەکانی نێو بڵاوکراوەکان دەرکەوتووە بەشێک لە بۆردوومانکردنەکان لە تۆڵەی ئەو چالاکییانە بووە کە لەلایەن پێشمەرگەکانی لقی سێ بۆ سەر بنکەکانی حکومەت و دام ودەزگاکانی کراوە، لە تەوەری داهاتوو بەدرێژی لە بارەیەوە دەدوێن.

بەگشتی ئەم سیاسەتەی حکومەت بۆ لەناوبردن و تەعریبکردنی گوندە کوردستانییەکانی سەر بە قەزا و ناحیەکانی پارێزگای کەرکوکیشی لەخۆگرتبوو، بەشێک لە ناوەندی قەزاکان بەتایبەت لەماوەی ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا لەم سیاسەتە بەدوور نەبوون و گەیشتۆتە (٧٧٩) گوند. هەروەها نزیکەی (٣٧ هەزار و ٧٢٦) خێزانی کورد تووشی ئاوارەیی زۆرەملێ بوون (طالبانی ، 1999، ص102).

**- ڕاگواستن:**

ئەو قۆناغەی دوای ڕێککەوتنی جەزائیر لە ساڵی 1975و ئەوەی لە ئاکامی ڕاگرتنی هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران بۆ بزووتنەوەی کورد هاتە ئاراوە، قۆناغێکی هەستیار لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردا بەو پێیەی هێزەکانی حکومەتی ناوەندی دەستی کردووە بەسیاسەتی نوێ بۆ ئیدارەکردنی ناوچە کوردنشینەکان، لەم سەروبەندە دا ڕژێمی عێراق بە تەنیا و بە ئازادییەکی تەواوەوە لە دارشتنی واقیعی کەرکووک و پاراستنی بیرە نەوتییەکانیدا بوو( العزاوی ، ٢٠٢٣، ل٨٤).

ڕاگواستن و ناچارکردنی دانیشتووانی کەرکووک بۆ چۆلکردنی ناوچەکە لە سیما دیارەکانی سیاسەتی شوفینی حکومەتی بەعس بووە، بەم هۆیەوە لە ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ([4])، لە ژێر ناونیشانی (لێرەو لەوێ ) باس لە پەلاماری سوپای نافەرمی حکومەت دەکات لە مانگی ئادار بۆ هەریەک لە گەڕەکەکانی ڕەحیماوە و خانووەکانی بەرامبەر کارگەی کۆلا و بەمەبستی بەزۆر بەسەربازگرتنی گەنجەکان و ڕاگواستنی خێزانە کوردەکانی ئەم گەرەکانە ( ڕێگای کوردستان ،ژ(٢٩) ئایاری ١٩٨٤ ، ل٤) هەر بەهەمان هۆ لە ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە وتارێکدا بەناونیشانی (کەرکووک و سیاسەتی شوفیستانەی رژێم) ئاماژە بەوە کراوە، کە لە گەڕەکی ڕەحیماوە (٩) ماڵ بۆچۆل کردنی ماڵەکانیان ئاگادار کراونەتەوە ( ئاڵای ئازادی ، ژ(٥) ساڵی ١، کۆتایی ئەیلولی ١٩٨٦،ل١).

بەگوێرەی هەواڵێک لە گۆڤاری(بابەگوڕگوڕ) سەبارەت گرتن و سەرکووتکردنی لاوان لەگۆشەی تاوانەکانی رژێم بە ناونیشانی ( کەرکووک و مانۆرێکی نوێی ڕەگەزپەرستانە..) داهاتووە، هێزێکی سەربەسوپای حکومەتی عێراق لە گەرەکانی ناو شاری کەرکووک چەند مانورێکی دوور لە ڕەوشت و بەهای کۆمەڵایەتیان بەرامبەر بەچەند خێزانێکی کورد ئەنجامداوە، دەستیان کردووە بەسوکایەتی پێکردن و پشنینی ماڵەکان و هەرەسان کردنیان بەبیانووی بوونی(نەوت) و دۆزینەوەی سەرچاوەی نەوت لەم گەرەکانە،

بەم هۆیەشەوە گۆڤارەکە وەک هەڵوێست گرتن لە سیاسەتی ناڕەوایی دەزگاکانی حکومەت دەنووسێت **"کاربەدەستانی عەفلەقی بێ ئابروەکان، بڵاویان کردووتەوە کە گوایە لەگەرەکانی شۆریجە دا کانی نەوت هەن....، بەڵام وەک دەڵێن (پەتی درۆ کورتە) چونکە ئەگەر شوریجە کانی نەوتی هەبێت ئەی گەرەکانی تر چی ...؟؟؟"** ئەم هەنگاوەی بە سیاسەتی نوێی ڕەگەز پەرستی ناوبردووە، تەنانەت ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەت لەم بڕیارەدا جیاوازی نەکردووە، ئەم کوردانەشی گرتووەتەوە کە هاوکاری حکومەت بوونە یان لە ڕیزی سوپاکەی ئەواندا کاریان کردووە.( بابە گوڕگوڕ، ژ(٦)،کۆتایی شوبات ١٩٨٦،ل١٣).

حکومەت هەر بەمە نەوەستاوە ئەمجارە لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٨٧ لەگەڕەکی (شوریجە) چەند خێزانێکی کوردی ئەم گەڕەکە بەزۆرەملێ بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق گواستراونەتەوە، لە ٢١-٢٣ی نیسانی هەمان ساڵ چەند دێیەکی دیکە لە ناوچەی قەرەحەسەن لەلایەن حکومەتی عێراق وێرانکراون، لە دیارترین ئەو ناوچانەی ناویان لە بەڵگە بڵاوکراوەکان هاتووە ( قایش، باوە، مامشە سالەیەی)، هەر لەم ماوەیەدا دێی( فەیزاوە)ی وێرانکراوە، هەروەک ئاماژەی بۆ کراوە لە ئەنجامی بۆردوومانی دێی(شوان) لەلایەن فڕۆکەکانی سەر بەسوپای حکومەت چەند هاوەڵاتییەکی مەدەنی شەهیدکراون، لەوانە( شەمسەدین ئەحمەد حەساری، جمعە حمە ولی حەساری، ئەحمەد محەمەد (گوگجە)، غازی سابیر(گوگجە)، عومران کاکەمەند( ئومەربەگ)، ئەحمەد سەید عەلی. ( بابە گوڕگوڕ، ژ(١٤)، نیسان و مایس ١٩٨٧، ل١٨). بەپێی یەکێک لە بەڵگە نامەکان لە بارەی سیاسەتی حکومەت لە سوتاندن و وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان، لە نێو ئاماریی ئەم گوندانەی سەر بەمەرکەزی کەرکووک هاتووە ، کە زیاتر لە ٧٠ % ی ئاژەڵ و زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکەی گرتووەتەوە، هەر لە هەمان ڕاپۆرتدا لە حوزەێرانی ١٩٨٧باس لە وێرانکردنی (٩٥) گوندی سەر بەقەزای دوبس و (٨٠) گوندی مەرمەزی کەرکووکی کردووە (وثائق عن المحنه شعب کردستان العراق، ١٩٨٨،ص٢٣).

ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) لە بارەی ڕاگواستنی کەرکووک لە بابەتێکدا بەناونیشانی (ڕاگواستن شارەکانیش دەگرێتەوە) دەنووسیت (ڕاگوستن و تەعریب یەکێکە لە شێوازە دڕندانەکەی حوکمی فاشتە شۆفینەکانی بەغدا) بە داتا ڕووداو سیاسەتی حکومەت عیراق دەخاتە ڕوو، کەچۆن دانیشتووانی هەریەک لە گەرەکانی ئازادی (٢٦٨)خێزان ، ئیمام قاسم (٢٣٥) خێزان ، ڕەحیماوە(١٠٠)خێزان، ئیسکان(١٧٦)خێزان، شۆریجە (٨١). (ئالای ئازادی ،ژ(١٠)، ئایاری ١٩٨٧،ل٤).


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

تەنانەت سەرچاوەیەکدا ئاماژە بەوەکراوە لە ساڵی ١٩٨٧ میوانداری لە نێوان گوندەکان تەنانەت لە نێوان خزمانی پلە یەکیش قەدەغەکرابووە، لە ساڵانی( ١٩٨٧-١٩٨٨) سەرجەم گوند و شارۆچکەکانی سەر بەکەرکووک بەر سیاسەتی ڕاگواستن و وێرانکردن بوونەتەوە، ئەمە بەپێی بریاری ژ(١٣٩١) ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بۆ ناوچە باکوور لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨١ دەرچووە( مجموعه الباحثين، ٢٠٠١،ص١٩٣)

**ـ گرتن و ئەشکەنجەدان:**

گرتن و ئەشکەنجەدان جۆریکی دیکە لە سیاسەت و هەنگاوەکانی حکومەت لەدژی لاوانی کورد بەگشتی و شاری کەرکووک و دەروبەری بەتایبەت بووە، هەرئەمەش وایکردووە گۆڤارێکی وەک (بابەگوڕگوڕ)دا لە گۆشەی (تاوانەکانی ڕژێم) چەند وتار و هەواڵێک بخاتە ڕوو، لە نموونەی ئەمانەی ئاماژەیان بۆکراوە بلاوکردنەوەی بە ناوی چەند هاوڵاتیەکی کورد بووە، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ژێر ئەشکەنجەدان لە زیندانەوە گیانیان لە دەست داوە، لە نێوان ئەمانەی ناویان هاتووە لە ئەندامانی(پ.د.ک) بوونە، لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥دا بە ناوەکانی ( عەلی موراد عەلی و یار وەلی) بووە (بابەگوڕگوڕ، ژ(٨)، نیسان وئایار ١٩٨٦، ل٧).  هەر لەم بارەوە لە بابەتێکی دیکەدا بەناونیشانی( لە سێدارەدانی تێکۆشەرێک ) دا ئاماژە بە لە سێدارەدانی( جەواد شێخ خالد) ناسراو بە موختارکراوە، دانیشتووی دێی (مایلە)ی سەر بەناحیەی (ئاغجەلەر) بووە سەر بەرێکخستنەکانی (پ.د.ک)بووە، لە بابەتی ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدانەوە حکومەت لە بارەی هاونیشتمانانی کەرکووکەوە جیاوازی نەکردووە، هەمان ئەم سیاسەتەیان لەبەرامبەر کەمە نەتەوەییەکانی دیکە کردووە، لەوانەش تورکمانیەکان، هەر لەم بارەیەوە گۆڤاری( بابەگوڕگوڕ) هەواڵ و زانیاری لەبارەی ئەم سیاسەتەوە دەنووسێت و لە بابەتێکدا بەناونیشانی( دەرهەق بە تورکمان چی..؟؟؟؟) ، بڵاودەکاتەوە. لە هەمان ماوەدا حکومەت هەڵساوە بە گرتن و ئەشکەنجەدانی ژمارەیەک کەسایەتی تورکمان کە ژمارەیان نزیکەی (٢٠) هاوڵاتی دەبوو و لەزیندانەکانی حکومەت ئازاردراون، لە نێویان پێنج پزیشک هەبوونە کە بە (٢٠)ساڵ زیندانی حوکمدراون، پارێزەرێکیش لە سێدارەدراوە، لە پاڵ ئەمانەش ژمارەیەک خێزانی تورکمانی نیشتەجێی کەرکووک ناچارکراون ماڵ و خانووەکانیان بەجێبهێلن و ڕووبکەنە ناوچەکانی دیکەی عێراق (بابەگوڕگوڕ،ژ(٨)، نیسان و ئایار،ل٧).


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

هەرلەم بارەوە گۆڤاری (بابەگوڕگوڕ) ئەشکەنجەدان و زیندانی کردنی هەموو چین و توێژەکانی گرتووەتەوە هەر لەم بارەوە وەک بەڵگەیەک بەناونیشانی ( شەهید بوونی مەلای مزگەوتی تسعین) وتارێک بڵاودەکاتەوە و دەنووسێت: ( لەدوای ٦ سال لە زیندانی کردنی مەلا( ئەحمەد عەساف )پێش نوێژی مزگەوتی تسعین لەژێر ئەشکەنجەدان گیان لە دەست دەدات). ( بابەگوڕگوڕ،ژ(٩)، سەرەتایی تەمموز ١٩٨٦،ل٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەت لە سیاسەت و سەرکوت کردن تەنانەت بەرامبەر بە پیاوانی ئاینیش جیاوازی نەکردووە.

لە لایەکی دیکەوە بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی (خەبات) لە وتارێک بەناونیشانی (شەڕی لە ناوبردنی گەلی کورد) ئاماژە بە بوونی (٧٤٠٧) ئافرەت دەکات لە دانیشتووانی زەنگەنە، جەباری، سەنگاو لە گرتووخانەی (دوبز) و سەختی ڕەوشی زیندانییەکان دەکات بەهۆی سیاسەتی حکومەتی عێراقەوە، لە هەمان کات ئاماژە بە بوونی (٦٠٠) ئافرەتی ناوچەکانی دیکە دەکات لە گرتووخانەی ناحیەی (بایجی)، لە هەمان ڕاپۆرت ئاماژە بە گیراوەکانی ڕەگەزی نێر دەکان کە ژمارەیان (٧٦٤٠) کەس بووەنە سەبارەت بەژمارەی گیراوی مندال لە گرتووخانەکاندا (٤٥٦٠) بووە (خەبات (٥٨٤)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨،ل١٢؛ وثائق عن المحنە شعب كردستان العراق، ١٩٨٨،ص٢٢). هەرچەندە ئەم ڕێژەی لە ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ کراوە زۆر بووە، بەتایبەت بۆ گرتووخانەیەکی وەک دوبز و ناحیەی بایجی دا.

بەگوێرەیی داتاو هەواڵەکانی نێو رۆژنامەگەریی کوردی سیاسەتی بەعس قوتابیانیشی گرتۆتەوە، ئەوانیش وەک هەر توێژێکی دیکە دوچاری گرتن و ڕاوەدونان بونەتەوە، لە نموونەی ئەم بابەتەش لە گۆڤاری (بابە گوڕگوڕ) لە گۆشەی (لە تاوانەکانی رژێم... لە کەرکوکەوە هەواڵنێرمان ڕایگەیاندووە) ، سیاسەتی گرتنی قوتابیانی کورد بووە، بەتایبەت لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٤ لە قوتابخانەی (الثورة) لە شاری کەرکووک ژمارەیەک قوتابی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستگیرکراون لە نێوان ئەمانەی ناویان زانراوە قوتابی( سەباح ناسح و جەبار محەمەد) بوونە، ئەم ڕووداواوەش نیگەرانی دروست کردووە، دوای ئەوەی نەتواندراوە زانیاریی لە بارەیانەوە بزاندرێت. ( باباگوڕگوڕ، ژ(٣)،ئازاری ١٩٨٥،ل٦).

گرتن و ئەشکەنجەدانی قوتابیانی کورد لە شاری کەرکووک، هەرجارە و لە ژێر ناو و بیانوویەک بەردەوامی هەبووە، بۆ نموونە لە کۆتاییەکانی شوباتی ١٩٨٦دا ، ئاماژە بە ئەشکەنجەدان و گرتنی ژمارەیەک قوتابی کورد دەکات لە یەکێک لە گرتووخانەکانی شارەکە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

به تۆمەتی نووسینی دروشمی کوردایەتی بۆ گیانی مستەفا بارزانی دەکات. ( بابە گوڕگوڕ، ژ(٦)،کۆتایی شوبات ١٩٨٦،ل١٣).

**تەوەری دووەم: -کاریگەری شەڕی قادسیە ([5])، لەسەر سیاسەتی حکومەت بەرامبەر بە کورد.**

شەڕی قادسیە پاڵنەرێک بووە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق سیاسەتی سەرکووت کردن و پرۆسەی سڕینەوەی نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران پەیرەوی بکات، رۆژنامەی خەبات بەم شیوەیە باس لە شەرەکە دەکات ( ئەم شەڕە لە ئێران بەناوی بەرگری پیرۆز ( شەڕی سەپێندراو)، لە عێراق بەناوی شەڕی قادسیەی سەدام و شەڕی یەکەمە کەنداو ناسراوە. ئەم شەڕە دەرفەتێک بووە بۆ ئەوەی حکومەت بەبیانووی پاراستن و پێوویستی وڵات بە بەرگری نەتەوەیی کوردەکان ناچار بەچەندین ڕێکاری و کاری زۆرە ملی بکات ( خەبات ، ژ(٥٤١)، گەلاوێژ و ئابی ١٩٨٠، ل٣). -وادیارە ئەم لایەنە کاریگەری لەسەر ڕاگەیاندن بەگشتی و بواری ڕۆژنامەوانی کوردی بەتایبەت دروست کردووە، لەم ڕوانگەوە هەوڵیان داوە لە گۆشەی تایبەتەوە بخەنە ڕوو لە نموونەی ئەمانەش گۆڤاری (باباگوڕگوڕ و رۆژنامەی (خەبات) بووە.

لە دیارترین ئەم بابەتانەدا، لە گۆڤاری (باباگوڕگوڕ ) لە وتارێک بەناونیشانی (لە کەرکوکەوە) هاتووە: دەنووسێت ( لە پێناو بەشداریکردنی زۆرملێ لاوانی کورد لە (شەڕی قادسیە)، حکومەتی بەعس لە کەرکووک و دەورووبەری سەرجەم هۆزەکانی ناچارکردووە بۆ ئەوەی بەشداری لە (لافواج الخفیفة) بکەن، بەپێچەوانەوە ئاگادارکراونەتەوە بە دەست بەسەر موڵک و سامانی هۆزەکانیان و تەنانەت هەرەشەی دوورخستنەوەیان بۆ خوارووی عێراق لێکراوە. ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٣)،ئازاری ١٩٨٥،ل٦). بەپێچەوانەی ئەمە ە لە سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم شەڕە سەرباری ئەوەی کاریگەری نەرێنی بەسەر باشووری کوردستان هەبووە، بەڵام حکومەتی عێراق بەر لە ڕاگەیاندنی شەڕەکە ئامادەسازی بۆ ڕاکێشانی کورد لە پاڵ سوپای حکومەتی عێراق کردووە (جەمال و ئامانج، ٢٠٢٢، ل١٠٥). بەڵام وادیارە وەڵامدانەوەی کوردەکان بۆ ئەم لایەنە بەگوێرەی خواست و ویستی حکومەت نەبووە و بەهۆی بارودۆخە نەخوازراوەکانی شەڕ، حکومەتی عێراق لە (٢١-٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤) ژمارەیەک لە هاووڵاتی مەدەنی بەزۆر ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کردووە، لە نموونەی ئەمانە ناردنی ژمارەیەک لاوی کوردی کەرکووک لە بازاری (ڕەحیم ئاوا)ە بۆ بەرەکانی شەڕ بووە (بابەگوڕگور، ژ(٣)، ئازاری ١٩٨٥،ل٦).

هەر لەم بـارەوە ڕۆژنـامەگەریی کـوردی ئەوەی خسـتووەتە ڕوو کە حکـومەت لە درێژەی سیاسەتی بەزۆر ڕاپێچ کردن بۆ بەرەکانی شەڕ، لە مانگی نیسانی ١٩٨٤ ژمـارەیەک کرێکـار و مـوچە خـۆری بە زۆر بـۆ شـەڕی (قادسـیە) ڕەوانە کـردووە ( بـابەگوڕگور، ژ(٨)نیسان و ئایار،١٩٨٦، ل٨). هەروەها بەهۆی بەردەوامی شەڕ و نەهامەتیەکان شاڵاوی بەزۆر ڕاپێچ کردن بۆ بەرەکانی شەڕ سەرجەم چین وتوێژەکان گرتەوە، تەنانەت بەمەبەستی مەشق پێکردنی مامۆستایان و قوتابیان لە دوبز و مووسل و دوو سەربازگەی ئامادە کردووە ( بـابەگوڕگوڕ، ژ(٩) سـەرەتای تەمموز١٩٨٦،ل٩). تەنـانەت ڕۆژنـامەیەکی وەک (خەبـات) دەنووسـیت (بەهـۆی شـەڕی (قادسـیە) نـزیکەی ٤٥% ی خـاکی کوردسـتان ڕووبەڕووی ڕاگواسـتن، تەعریـب و بەزۆر ڕاپێچکـردن بـۆ شـەڕ بـۆتەوە ( خەبـات، ژ(٥٧٤)، کـانوونی یەکەمـی ١٩٧٨،ل٨). هەرچـەندە ئەم ژمـارەیە لێدوان و تێروانینـی تـاک لایەنەی ڕۆژنـامەکە بووە، نەک داتا و بنەمایەکی وردی پرۆسەکە.

تەنانەت بۆ نیشاندانی کـاریگەریی نەرێنـی ئەم شـەڕە لە کەرکووک لەڕۆژنـامەگەریی کـــوردی (گۆڤـــاری بـــابەگورگور )ئامـــاژە بەوەدەکـــات کە لە چوارچێـــوەی سیاســـەتی ڕەگەزپەرسـتانەی حکومەتی عێـراق و بە بیـانووی بەشـداری نەکردنیـان لە شـەڕی قادسیە و تاوانبارکردنیـان بە بـوونی کورەکانیـان بە پێشـمەرگە، هۆشـداری بە (٢٦٠) مـاڵی کـورد بە مەبەسـتی چـۆڵکردنی نـاوچەکە دراوە (بـابە گوڕگـوڕ، ژ(١٠) ئـابی ١٩٨٦،ل٧). هەر بـۆ هەمان مەبەست (گۆڤاری بـابەگورگور) شـەڕی قادسیە و کاریگەرییەکـانی وایکرد حکومەت بەردەوام فشار بخاتە سەر دانیشتووانی عێراق و نـاوچە کوردنشینەکانیش بەتـایبەتی، بۆ ئەم مەبەستە بەسەربازگرتن (بەزۆر و خۆبەخش) کردووەتە بنەمای سەرەکی حکومەت، تەنـانەت بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە شەر چەند جارێـک لە دایـک بووانی ١٩٦٨-١٩٦٩ بانگهێشت کراون، لە نێو ڕێکخستنەکانی ئافرەتانی سەر بە حکومەتی بەعس بەناوی ( یەکێتـی ئافرەتـانی عێـراق) لە شـارەکان مەشـق بە ئافرەتـانی ئەم ڕێکخسـتنە کـراوە ( بـابەگوڕگوڕ، ژ(١١)، ئەیلوولی ١٩٨٦، ل١٠).

سیاسەتی ناڕەوایی حکومەتی بەعس بۆتە جێگـای سـەرنجی ڕێکخراوەکـانی جیهـانی بەم هۆیەوە لە گۆشەی ( ڕژێمی فاشی، هەواڵ ، تاوان، لێدان) لە گۆڤاری بابەگوڕگوڕ ئامـاژە بە ڕاپۆرتی ڕێکخـراوی لێبـوردنی نێـودەوڵەتی کـراوەکە، کە لە ڕاپـۆرتی سـاڵانەی خۆیـدا لە بارەی سیاسەتە ناڕەواکانی دام و دەزگاکانی ئەمنی و هەواڵگری حکومەتی عێـراق هەڵوێسـت دەگرێت کە زۆرینەی ژمارەی ئەم کەسـانەی لە گرتووخانەکـان ئەشـکەنجەدراون و گیانیـان لە

دەست داوە لە ڕاکردووانی شەڕی قادسیە بوونە، سەرباری زۆری ڕێژەی کوژراوەکانی ئەم شەڕە وایکردووە لەدەورووبەری بەغدا (یەخچال ـ بەفرگرر) بە ناوی ( یەخچالەکانی شەڕی قادسیە) دابندرێت بۆ هەڵگرتنی لاشەی سەربازی کوژراوەکان( بابەگوڕگوڕ،ژ(١٢، ١٣)، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم ١٩٨٦، ل١٢).

بە گوێرەی زانیاری نێو بڵاوکراەکەدا سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی ناوچەکە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە شەڕ کاریگەری نەرێنی و ڕاستەخۆی بەسەر باشووری کوردستان بەگشتی و کەرکووک بەتایبەت دروست کردووە. بەڵگەی ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر زۆرینەی ڕووداوەکانی ناوچەکە پەیوەست بووە بە بوونی نەوتی ناوچەکە، هەر ئەمەش وایکردووە لەسەرچاوەیەکدا ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٨بە(حرب الاستنزاف) ناوببات، کە لە ناوچەی کەنداو لە ئارادابووە ( العبیدی ، ٢٠١١، ص٤٢).

**ـ تەوەری سێیەم: ڕووبەڕووبونەوە لە نێوان حکومەت و هێزە کوردییەکان**

**١ـ چالاکی پێشمەرگە**

یەکێک لە بابەتە دیارەکانی نێو ڕۆژنامەگەریی کورد بابەتی چالاکی پێشمەرگە بووە، بەتایبەت لە گۆڤاری (بابە گوڕگوڕ) کە لە خستنە ڕووی ڕووداوە سیاسییەکانی ناوەخۆی کەرکووک بە هەردوو شێوەی شەڕی ڕووبەڕووبونەوە و شەڕی پارتیزانی(بۆسە) نانەوە ([6])، لەلایەن ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەکانی لێژنەی ناوەخۆی کەرکووک و دەروروبەری پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی لە بڵاوکراوە ناوەخۆییەکانی ناوچەکە بووە، لە دیارترین ئەم ڕووداوانەی ئاماژەیان بۆکراوە چالاکییەکانی ساڵانی ناوەڕاستی هەشتا بووە:

سەرباری ئەوەی لە چەند ساڵی یەکەمی شەڕی عێراق و ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨ حکومەتی عێراق بۆ کەمکردنەوەی کێشە ناوەخۆییەکان ڕێبازێکی ئاشتەوایی زیاتری لەبەرامبەر کورد گرتەبەر، تەنانەت لە ١٩٨٤ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣ــ ٢٠١٧)بۆ ئاشتەوایی نزیک بووە ( katzman,pradosK,2005 ,p3). بەڵام چالاکییەکانی پێشمەرگە بەردەوام بووە، بە تایبەت لەلایەن ڕێکخستنەکانی لێژنەی ناوەخۆی کەرکووک بەهاوکاری لێژنەی ناوەخۆی ناوچەکانی دیکەی ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێری پێشمەگەکان بووە، هەریەک لە ڕێکخراوی (بەمۆ، شەهیدان ، شوان ) ڕۆڵێکی سەرەکی و دیارییان لە چالاکییەکانی ناو شارو دەرەوەی شار بینووە. بەگوێرەی زانیارییەکانی گۆڤاری (بابە گوڕگوڕ) کە لە گۆشەی تایبەت بەناوی چالاکی پێشمەرگە ئاماژەی بۆکراوە، سەرەتایی

چالاکی پێشمەرگە لەلایەن مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی ( بەمۆ، شەهیدان)ی سەربە لێژنەی ناوچەی خانەقین لە شەوی ١٦-١٧ی حوزەیرانی ١٩٨٤ بۆ سەر ڕێکخراوی حیزبی بەعس ناوچەی سیروان بووە، لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە بەرپرسی ڕێکخراوەکە و سەربازێک بریندارکرێن، بە هۆی ئەم ڕووداوە حکومەت بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک تۆپ بارانی ناوچەکەی کردووە و بەمەش چەند هاوڵاتیەک دەبنە قوربانی ئەم ڕووداوانە وایکرد لە شەوی ١٩-٢٠ی حوزەیرانی هەمان ساڵ پێشمەرگەکانی ڕێکخستنی (شوان)ئامادەسازی بۆ هێرش کردنە سەر ماڵی کەسایەتیکی سەر بەدەزگاکانی حکومەتی بەعس لە گەڕەکی شۆڕیجە بکەن.(بابەگوڕگوڕ،ژ(١)، ئابی ١٩٨٤، ل٥). حکومەت زۆر کات ئەم ڕوودانەی بۆ سەپاندنی سیاسەت و بڕیارەکانی خۆی و ناچارکردنی دانیشتووانی گەڕەکەکان وچۆڵکردنیان بەدەرفەت زانیووە.

ئالۆزی و بەرپەرچدانەوەکانی حکومەت نەبووەتە هۆی وەستانی چالاکییەکان بەپێچەوانەوە بوونە هۆکارێک بۆ سووربوونی پێشمەرگەکان لە ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، لە نموونەی ئەمانە لە مانگی (ئاب تاوەکو کانوونی دووەمی ١٩٨٤) دا (١٧) چالاکی جۆراو جۆر ئەنجامدراوە، لە دیارترینیان هێرشەکەی ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٨٤ بووە کە لەلایەن لێژنەی ناوخۆی کەرکووک لە نزیک قوتابخانەی (التحریر)ی گەڕەکی قەسابخانە لە کەرکووک بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلی فریاکەوتن بە ژمارە(٣٦٥٢) بە نارنجۆکی دەستی ئەنجامدراوە و دوو پۆلیس کوژراون و دوانی دیکە بریندارکراوەن ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٢) .کانووونی یەکەی ١٩٨٤ ، ل٦).

لە درێژەی چالاکییەکانی پێشمەرگە لە مانگی شوبات (٤)چالاکی دیکە بەسەرکەتووی ئەنجامدراوە، لە نموونەی ئەمانە ڕووداوی شەوی ٢-٣ی شوباتی ١٩٨٥ بووە، لەلایەن ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی (باسەرە) لە گەڕەکی شۆریجە کە ئۆتۆمۆبێلێکی فریاکەوتنیان سوتاندووە. وەک دەرکەوتووە ئەمە وەڵامدانەوەیەک بۆ ڕووداوەکانی پێشووی گەڕەکی شۆریجە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بووە. لە دوای ئەم ڕووداوە بە چەند ڕۆژێک لە ١٢-١٣ی هەمان مانگدا ڕێکخراوی لێژنەی ناوچەی چەمچەماڵ لە کەرکووک بەنزینخانەی ڕێگای سەرەکی کەرکووک ـ سلێمانی گوللە باران دەکەن ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٣)، ئازاری ١٩٨٥،ل٥). لەلایەکی دیکەوە لەکۆتایی مانگی ئادار تیپی ٢١ی کەرکووک لەچاڵاکییەکی هاوبەش توانیویەتی وەڵامی سیاسەتی وێرانکاری حکومەت بداتەوە، لە بۆسەیەکدا دوو


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ئەفسەری بەپلەی (عقید و مقدم) لەکاتی ئەنجامدانی پاسەوانی بەدیل بگرێت ( رێبازی نوێ، ژ(٣)،ئاداری ١٩٨٥،ل١).

له ١٨ی نیسان ١٩٨٥ لەلایەن رێکخراوی شەهیدان و بابەگوڕگوڕی سەر بەلێژنەی ناوچەی کەرکووک بەهاوبەشی لەگەڵ لیژنەی ناوچەی چوارتا لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە بەچەکی سووک هێرش کراوەتە سەر رەبایەکی حکومەت لە ناوچەی چوارتا بەم هۆیەوە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر شەڕ بەردەوام بووە، دواتر بەهۆی تۆپ بارانی سەختی ناوچە لە لایەن حکومەت ژمارەیەک هاوڵاتی مەدەنی بریندار دەبێت( بابەگوڕگوڕ، ژ(٤)، ئەیلوولی ١٩٨٥، ل٦).

له ١٥-١٦ی حوزەیرانی ١٩٨٥ پێشمەرگەکانی لقی سێ لە دوای ڕووداوی شەهیدانی (ئۆردوگای زێوە) بەهێزێکی هاوبەش لە نێوان لێژنەی ناوچەی شوان، چەمچەماڵ، کەرکووک، رێکخراوی دوز، ڕەنجدەران، لێژنەی ناوچەی دوکان و چوارتا و پێنچوینی سەربە لقی سێ لە لە یەک کاتدا لە چەند قۆڵێکی جیاوازدا هێرشیان کردۆتە سەر بنکە سەرەکییەکانی حکومەت، بەم هۆیەوە شەڕ بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە نێوان سوپای حکومەت و بەکرێگیراوانی حکومەت و پێشمەرگەکانی لقی سێ لە گوندی ( هەولۆ، ولیاوە) ڕوویداوە، بەم هۆیەوە حکومەت تۆپ بارانی گوندەکانی( دۆڵی پەمۆ، گوێزە ڕەش، هەولۆ )دەکات، لە درێژەی ئەم ڕووداو و هێرش بردنانە، لە ٢٢ی ئابی هەمان ساڵ بەهۆی بێزاری دانیشتووان لە رەباییەکانی حکومەت لێژنەی ناوچەی کەرکووک هێرشی لە ناکاویان کردۆتە سەر ڕەباییەکی حکومەت لە پشت کەنارۆی لە بەرازییەکانی ( نەوڕەیان گردەشین) سوتاندوویانە، زیانەکانی حکومەت لەم هێرشە کوژرانی پێنج سەرباز و بریندار بوونی دوو سەرباز بووە( بابە گوڕگوڕ،ژ(٤)،ئەیلوولی ١٩٨٥، ل١٢-١٣).

یەکێکی تر لەچالاکییە دیارەکانی پێشمەرگە کە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ئاماژەی بۆ کراوە، تەقاندنەوەی بۆرییەکی نەوتی شارەکە بووە، بە گوێرەی وتارێکی ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێ) لە دوای تەخت کردنی ژمارەیەک لە گوندەکانی ڕۆژئاوا و خۆرئاوای شاری کەرکووک، پێشمەرگەکانی تیپی (٢١)ی کەرکووک لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٦ لە سێ قۆڵەوە هێرشیان بردووە، لە قۆلی یەکەمی چالاکی چەکداری ناو شار لە کاتژمێر حەوت و نیوی شەو لە گەڕەکی شۆڕیجە بۆ سەر یەکێک لە کاروانەکانی سوپای حکومەت لەکاتی پاسەوانیدا بووە، دواتریش هێرش بردنە سەر بۆری نەوتی (جەوەڵ بۆر)و تەقاندوەی بۆرییەکە و ئاگرتێبەردانی، چالاکییەکانی قۆڵی دووەم لە گەڕەکی ڕەحیماوە، بەرەی سێیەم بۆ سەر


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

مەفرەزەیەکی سوپای حکومەتی ناوەندی عێراق بووە، بەمەش پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکووک سەرباری قورسی و سەختی ڕەوشەکە و بەردەوام بوون بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لەشەڕکردن، توانویانە چەند دەسکەوتێکی سەربازی لەسوپای حکومەت بەدەست بهێنن (ڕێبازی نوێ، ژ(١)،کانوونی دووەمی ١٩٨٦،ل١-ل٢). لێرەدا دەکرێت بوترێت کە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە نیشانەی بەئاگا بوون و هۆشیاری پێشمەرگە و گۆڕینی شێوازی خەباتی چەکداری بۆ هێرشکردن لە چەند شوێن و کاتی جیاوازدا بووبێت، لەهەمان کات تۆمارکردنی ئەم ڕووداوانە لەکاتی خۆیدا گرنگە بۆ مێژوویی شۆرشگێری کورد بەگشتی ناوچەی کەرکووک بەتایبەت، بەهۆی ئەوەی زۆرکات تۆمارنەکردنی ئەم ڕووداوانە لەکاتی خۆیدا دەبێت هۆکاری شیواندو پەراوێز خستن لە نێو شۆرشی نەتەوەییدا.

ئەمجارەیان هێزی تیپی ٢١ی کەرکووک لە ٢٢ی شوباتی ١٩٨٦ لە کاتژمێر هەشت و نیوی بەرەبەیان هێرشیان کردۆتە سەر هەردوو گوندی (تۆمار و گورگان) ی لە ناحیەی شوان لە قەزای کەرکووک، ئەمەش دوای ئەوەی هێزێکی زۆری سوپای حکومەت بەمەبەستی چۆلکردنی گوندەکە هاتونەتە ناوچەکە و دوای بەرەنگاربونەوەی چەند کاتژمێری توانویانە پاشەکشە بەسوپای حکومەت بکەنەوە ( ڕێبازی نوێ ، ژ(٢)، شوباتی، ١٩٨٦، ل١-٢). لە درێژەی چالاکییەکانی پێشمەرگایەتی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا داستانی (گرتنی شاری سەنگاو) بووە، لەلایەن پێشمەرگەکانی تیپی یەک و هێزی مەڵبەندی ناوچەکە ، دوای ئەوەی لە کاتژمێر چوارو نیوی رۆژی ١٠ی ئاداری ١٩٨٦ لە سێ بەرەی جیاواز هێرشیان بردووە و بەچەکی هەمەجۆر شەڕەکە تاوەکو دە ونیوی شەو بەردەوام بووە، زیاتر لە بیست و پێنج کەس لە هێزەکانی سەر بەحکومەت بریندارکراون، دوای دەست گرتن بەسەر شارەکە هەندێ چەکی سوک و تەقەمەنی و بەڵگەنامە و نوسراوی حکومی کەوتۆتە دەست پێشمەرگەکان( ڕێبازی نوێ، ژ(٣)، مارتی ١٩٨٦). بەڵام وەک دەرکەوتووە ئەم ڕووداوانە نەیتوانیووە بارودۆخی دانیشتووانی ناوچەکە بگۆڕێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە بەرامبەر چالاکییەکانی پێشمەرگە حکومەت لە کۆتایی مانگی تەممووزی ١٩٨٦دا (٢٦٠) خێزانی کوردی ناوی شاری کەرکووکی بەبیانووی پەیوەندییان بە کەسوکاری پێشمەرگەکان ئاگادار کردۆتەوە کە شارەکە جێ بهێلن ( نێروەیی،٢٠١٠،ب٢،ل ٢٢٢).

سەختی گوزەران و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و ڕێکخستنەکانی کەرکووک لێرە و لەوێ بووە زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ حکومەت، لە درێژەی چالاکییەکان ڕێکخراوی چەمچەماڵ لە

١٠ی نیسان ١٩٨٧ نارنجۆکێکی دەستیان خستۆتە ناو ئۆتۆمۆبێلی فەرمانگەی ئەمنی بە ژمارە(٣٥١١٣٣٩) لە گەڕەکی رەحیماوەی شاری کەرکووک و لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلەکە تەقیوەتەوە ( بابەگوڕگوڕ، ژ(١٤) نیسان و مایسی ١٩٨٧،ل١٤).

لە دەرئەنجامی ئەم زانیارییانەی نێو بڵاوکراوەکانی دەکرێت بوترێت کە لەم ماوەیەدا زۆرینەی ئەو چالاکییانەی لەلایەن پێشمەرگەکانی لقی سێ بە هاوبەشی ئەنجامدراوە، بەشێکیان لە ناوچەکانی کەرکووک و دەورووبەری، و بەشێکی تریان لە ناوچەکانی دووز، شارەزوو، چوارتا، هەڵەبجە بوونە، ئەمەش ئەوە ڕاستییە دەگەیەنێت کە پێشمەرگەکانی لقی سێ بەگیانێکی هاوکاری و هەستی بەرپرسیاریەتیەوە خەباتیان کردووە و ئامانجی سەرەکییان ڕزگاربوون لە ژێر سستەم و سیاسەتی ناڕەوایی حکومەتی عێراق بووە.

**-٢- چالاکی ڕێکخستنەکان:**

بەشێکی دیکەی چالاکییەکانی پێشمەرگانی لقی سێ بەمەبەستی ناساندن و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر و بەردەوام بوونی خەباتی سیاسی و چەکدارییان بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و چاپکراو و دروشمەکانی(پ.د.ک) بووە، هەرچەندە زۆر کات ئەم چالاکیە ناچەکدارییە هۆکارێک بووە بۆ گرتن و ڕاوەدوونانی لاوەکان و تەنانەت زیندانی کردن کادیران و لە سێدارەدانیان. لە نموونەی ئەم چالاکییانەی لەلایەن لقی سێ (پ.د.ک) ئەنجامدراوە، لە ماوەی ساڵانی(١٩٨٤-١٩٨٧)دا زۆرینەی چالاکییەکانی ڕێکخستنەکانی لێژنەی ناوچەی کەرکووک بە هاوکاری ڕێکخراوی (قەرەداغ، شەهیدان، بەمۆ)بووە.

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی لێژنەی ناوچەی کەرکووک و ڕێکخراوی شوان ، دووز ، شەهیدان و لێژنەی ناوچەی سلێمانی سەر بە لقی سێ، لە ١٨ی ئاداری ١٩٨٥ لە چاڵاکییەکی (١٠) ڕۆژەدا هەڵسان بەبڵاوکردنەوەی پەیرەو پرۆگرامی (پ.د.ک) و بنەماکانی یاسای لە شکری شۆڕشگێری ([7])، پۆستەری سیاسی بەچەند گوندێکی ناوچەکەو ناوچەی شارباژێر و دەوورووبەری لە دیارترین ئەم گوندانەی ناویان هاتووە( حاجی مامەند ، خانووە قوورەکان، زلزلە، زەلان، دۆڵی بەمۆ) بووە ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٤)،ئەیلوولی ١٩٨٥.، ل٦).

لە ١١-١٦ کانوونی دووەمی ١٩٨٥ ڕێکخستنەکانی لێژنەی ناوچەی کەرکووک بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی پۆستەری شەڕی پارتیزانی و دورشمەکانی (پ.د.ک) و بەرەی (جود)([8])، لە گەڕەکی بێ کەس و مزگەوتی (مەجەوعە) و خانووە عەسکەرییەکان و شوێنە گشتیەکان جارێکی دیکە دەستیان بە چاڵاکی ناچەکداری کردەوە، لە ٢٠-٢٨ی هەمان مانگ

هەر دوو ڕێکخراوی (شەهیدان و بەمۆ) بە هەمان شێوە هەڵسان بە بڵاوکردنەوەی چەند بڵاوکراوەیەکی دیکە ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٦)، شوباتی ١٩٨٦، ل٧). لە درێژەی چالاکییەکانی پێشمەرگەکانی لقی سێ لە ٣-٢٥ی ئاداری ١٩٨٦دا لەلایەن ڕێکخراوەکانی لێژنەی ناوچەی کەرکووک بۆ جارێکی دیکە بڵاوکراوەکانیان لە چەند ناوچەیەکی تر بڵاوکردۆتەوە ( بابەگوڕگوڕ، ژ(٧)،ئاداری ١٩٨٦،ل٣).

بەهەمان شێوە لەشەوی ٢٧-٢٨کانوونی دووەمی ١٩٨٧ کۆمەڵێک لەلاوی شۆرشگێر سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی زەحمەت کێشانی کوردستانیان لەگەرەکی رەحیماوە و خوێندگاکانی (ئیبن ئەیمەن و شوبات بڵاو کردووەتەوە( ئاڵای ئازادی، ژ(١٠)،ئایاری ١٩٨٧) وەک دەرکەوتووە مەبەستی سەرەکی لەم چالاکییانە ڕاکیشانی جەماوەر و بەزرکردنەوەی باوەڕیان بە شۆڕش و گەیاندنی دەنگی پێشمەرگە و بەشێک لە چاڵاکی و هەواڵەکانی شۆڕش بووە.

**-٣- شەڕی پێشمەرگایەتی**

لایەنێکی دیکەی ڕووداوەکان شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەی نێوان سوپای حکومەت و هێزی پێشمەرگە بووە، ئەمەش لە ئەنجامی پەلامارە نارەواکانی سوپای حکومەت بەهاوکاری ژمارەیەک بەکرێگیراوی سەر بە حکومەت، بۆ نموونە پەلامارەکەی ١٧ی ئابی ١٩٨٤ بەمەبەستی گرتنی سەربازە ڕاکردووەکانی بەرەی شەڕی قادسیە لە گوندی (سەید خەلیل)لە کەلار، کە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا سی سەرباز کوژراون و چەند هاووڵاتییەکی مەدەنیش شەهید کراون، لە نێو ئەمانەش ژمارەیەکیان ئافرەت و منداڵ بوون، هەر لە هەمان ڕۆژ هێرش کراوەتە سەر گوندی (باداوە) لەناحیەی قەرەحەسەن( بابەگوڕ گوڕ، ژ(٢)، کانوونی یەکەم ١٩٨٤،ل٧).

لە ١٦-نیسانی ١٩٨٧ لە کاتی هێرشی سوپای حکومەت بۆ سەرگوندی (شێخ جەبر) لە ناوچەی قەرەحەسەندا، شەڕێکی چەند کاتژمێری لە نێوان پێشمەرگەکانی لقی سێ و سوپای حکومەت ڕوویداوە، لە ئەنجامدا توانیان هەلیکۆپتەرێکی سوپای حکومەت بخەنە خوارەوە، سوپای حکومەت لەناوچەکە دوور بخەنەوە، لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لە ئەنجامی پەلاماری سوپا بۆ سەر ناحیەی (ئاغجەلەر) بەمەبەستی چۆلکردنی ناوچەکە، شەڕ دەست پیدەکاتەوە، لەم ڕووداوە لێژنەی ناوچەی چەمچەماڵ و مەفرەزە سەرەکییەکانی شوان و لێژنەی ناوچەی کەرکووک لە سێ قۆڵەوە پەلاماری سوپاکە دەدەن و گەمارۆی ناحیەی( ئاغجەلەر) دەدەن، کە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

کۆژرانی چەند سەربازیک و پێشمەرگەیەکی ڕێکخراوی ئاغجەلەری لێدەکەوێتەوە (بابە گوڕگوڕ، تەمموز١٩٨٧،ل١٢-١٣).

بەپشت بەستن بە ڕووداوەکانی ناوچەکە لە گۆشەی شەڕی پێشمەرگە بۆمان دەردەکەوێت کە شەڕی بەرگری میللی بە بەراوردکردن بە چالاکی و بۆسە نانەوە تاڕادەیەک زۆر کەمتر بووە، و زۆرترین چالاکییە چەکدارییەکان کە لە ناوچەکە ئەنجامدراوە بۆسە نانەوە و شەری نابەرامبەر بووە، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی سەختی ڕەوشی ناوچەکە و ناهاوسەنگی هێز بووە لەم کاتەدا.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- دیارترین بابەتە هەستیارەکانی نێو ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕووداو سیساەتی حکومەتی بەعس بووە، لەڕێزبەندی بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کەلەم ماوەیەدا دەرکراوە زۆرترین بابەت لەبارەی سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن و گرتن و ئەشکەنجەدانی لاوان بووە.

٢- شەڕی ساڵانی هەشتا و نەهامەتیەکان لە دوولایەنەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کورد دروست کردووە، سەرباری قورسی و زەحمەتیەکانی ئەم شەڕە هەمیشە حکومەت وەک پاساوێک ئەم شەڕەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی زیاتر لاوانی کورد بچەوسێنێتەوە، لە هەموو ئەگەرێکدا بڕیارەکانی حکومەت بەسەر ناوچەکە سەپێندراوە.

٣- لە گۆشەی نێو ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کەرکووک ئەوە سەلمێندراوە، کە سەرباری سەختی ڕەوشی ناوچەکە، چالاکییەکانی پێشمەرگە بۆ سەر بنکە و دام و دەزگاکانی سەر بە حکومەت بەردەوام بووە، بەڵگەی ئەمەش لە زۆرینەی ژمارەکانیاندا بە ئامار و داتای تایبەت لە گۆشەی چالاکی پێشمەرگایەتی بڵاوکراوەتەوە، وەک دەرکەوتووە ئامانج خستنەڕووی ئەم داتایانە زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی متمانە و هیوای لاوانی کورد بە شۆڕش و دەستکەوتەکانی بووە، لە هەمان کات بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەگەریی لە دەرخستن و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بەدیدکراوە.

٤- یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی دەکرێت بوترێت ڕۆژنامەگەریی کوردی سەرچاوەیەکی گرنگ و کاریگەرن بۆ توێژەران و بایەخدان بە شیکردنەوەی بابەتە مێژووییەکانی ئەم ماوەیەدا، لە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

هەمان کات ئەم بلاوکراوانەش لەتێروانینی پارتە سیاسیەکان و ئایدەلۆژیای پارتەکان بەدوور نەبوونە.

---

[1]- زمانحالێ (ی.ن.ك) بە زمانی کوردی، بووە ، مەبەست لە دەرکردنی زیاتر بۆ ئاشناکردنی خوێنەری کورد بووە بە بنەما و تێروانینی حزب لەمەڕ مەسەلەکان بۆ بەرەو باشتربردنی خەباتی جەماوەری لە پێناوی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بڕیاری دەرکردنی ئۆرگانی (ڕێبازی نوێ) لە کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەرانی (ی.ن.ک) بووە، بە بەڵگەی ئەوەی یەکەمین ئاماژەی دەرچوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1975 بڕوانە : "ڕێبازی نوێ" ، "ڕۆژنامە" ، ژ(1) ، ساڵی یەکەم ، کانوونی دووەمی 1976 ، ل 1 ؛ ئەحمەد، ٢٠١٣ ل 62.

[2]- گۆڤـارێکی ڕامیـاری و ڕۆشـنبیری گشـتی ناوبەنـاوە، وەک ئۆرگـانی لقـی سـێی(پ.د.ک) لەسـنووری (کەرکووك) و گەرمیان بە زمانی کوردی کرمانجی خواروو دەرچووە، وەک زانراوە یەکەمین ژمارەی لە ئابی ١٩٨٤ بلاوبووەتەوە (بطی ،٢٠١١ ، ٢٠٨٥؛ بارزانی،٢٠٢١، ل١٣٢)، بەگشتی لە بەشی سەرەوەی گۆڤارەکە لە ناوەڕاستدا وێنەی تایبەت بە گۆڤارەکە هەیە، لە ژمارەیەکدا وێنەی ئەستێرەیەکی سورە بازنەیەکی بەدەور کێشراوە، بەڵام لە ژمارە (٢) بەدواوە وێنەکە گۆڕاوە مەشخەڵێکی سوور، لەلای ڕاستی گۆڤاربە زمانی کوردی نووسراوە (باوەگوڕگوڕ) لە ژێرناوە کوردییەکە بەلاتینی ناوەکە نووسراوە، لەلای دەستە چەپی نووسراوە(دیموکراسی لە عێراق ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان). گۆڤارەکە لە (وشکە ناڵ) لە بناری چیای سورێن چاپکراوە، فەهمی کاکەیی سەرپەرشتی دەرچوونی کردووە، هەریەک لە ڕێبوار توفیق ئەمین، ڕەنجبەر کاکەیی، کاری تایپ و ئامادەکردنی بابەتەکانیان کردووە، بەهۆی نەبوونی ئامێری چاپکردنەوە لەلایەن حیزبی شوعییەوە لەچاپدراوە، بەقەبارەی نیو ئەیفۆر. (شریف ، ٢٠٢٣، ل٩٦). ئەوەی جێگای سەرەنجە لەسەر بەرگی هیچ کام لە ژمارەکانی گۆڤارەکە ناوی نووسەر و دەستەی نووسەرانی لەسەر نیە، سەرجەم بابەتەکانی بەبێ ناوی نووسەر بڵاوکراوەتەوە.

3- ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەت کێشانی کوردستان- ئیتیجاهی دیموکراتی شۆرشگێر، یەکەمین ژمارەی لە ئاداری ١٩٨٦چاپ کراوە،دوازمارەی لە شاخ لە حوزیرانی ١٩٨٨ بووە، لەماوەی ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٨بەشێوەی مانگانە (٢٠)ژمارەی لێ دەرچووە، بەزاراوەی کرمانجی خواروو، ئەلف و بێی کوردی بووە (سەعید، سیروان، ٢٠٢٤، ٤٦٣)

[4]- یەکەمین ژمارەی ئۆرگانی لیژنەی هەرێمی کوردستان (پ.ك.ع) لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی 1980، بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی لە شاخ دەرچووە توفیق ، 1998 ، ل7 .

5- شەڕی قادسیە: شەڕی عێراق و ئێران بووە ، بۆماوەی هەشت ساڵان لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠دەست پێدەکات تاوەکو ٨ی ئابی ١٩٨٨ بەردەوام بووە. بڕوانە : (.عمرون، ٢٠١٧.،ص٢٢).

6- ئەم چالاکیە شێوەیەک لە شەڕی پارتیزانی بووە، بەپێی ئەم تاکتیکە ژمارەیەک پێشمەرگە هێرشی لەناکاو دەکەنە سەر دوژمن و دەست بەسەر چەکەکانیان دادەگرن بەمەبەستی لێدانی زەبر، لەم تاکتیکە بە وردی حسێب بۆ کات و شوێن دەکرێت. بۆزانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: پارتیزانی و بۆسەنانەوە، بابەگوڕگوڕ،ژ(٥)، کانوونی دووەمی ١٩٨٦،ل٢-٣).

7- ئەم یاسایە لەدوای کۆبونەوەی دووەمی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پارتی لە ٣١ی ئابی ١٩٨١ بەتێکرای دەنگ بڕیار لەسەر ڕێکخستنی لەشکری شۆرشگێری کوردستان دەدرێت بەندەکانی ڕێکخراوە بۆزانیاری زیاتر لەبارەی بەندەکان بڕوانە: یاسای لەشکری شۆرشگێری کوردستان، ١٩٨٠ ١٩٨١،ل١).

8- جود : کورتکراوەی ناوە عەرەبیەکەی (الجبهة الوطنيه القومية الديموقراطيه)یە لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ هەواڵی دامەزراندنی ڕاگەیاندراوە، لەهەرسێ لایەنی ( پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شوعی عێراق ، پارتی شوسیالستی کوردستان) پێکهاتووە، بەرەی (جود) بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەخۆی هەبووە بەناوی (كفاح الجبهة)یەکەمین ژمارەی لە شوباتی ١٩٨٤ بووە: بڕوانە (نێرەویی، ٢٠١٠، ل١٩١-١٩٢)؛ چالاکیەکانی لیژنەی بەری جود ، خەبات،ژ(٥٥٢)،١٩٨٤/١١/١١،ل١٣..

## لیستی سەرچاوە:

### بەڵگەنامەو بڵاوکراوە حزبیەکان

- **بەکوردی**
یاسای لشکری و شۆرشگێری ١٩٨٠، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٨١.
بەزمانی عەرەبی:
- وثائق عن محنه شعب كردستان العراق (٢)، قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق، مگبعه خەبات- تشرين الاول ١٩٨٨.
- من جرائم القتل العام في كردستان العراق، اصدار قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق، شباط ١٩٨٩) .

**- کارنامە ئەکادیمیەکان بە زمانی کوردی**

_ شریف، ریگر بهاءالدین (٢٠٢٣)، ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٦-١٩٩١، ماستەر نامە(بلاونەکراوە) ، کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

_ العبيدى ، (2011).عبدالرحمن عبدالكريم عبدالستار، العلاقات العراقيه- الايرانيه في ظل الاحتلال الامريكي العراق، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة الشرق الوسط – كلية الاداب و العلوم .

_ عمرون، نورة ، (٢٠١٧) المسألة الكردية في العراق في ظل الصراع اإلقليمي (الحرب العراقية اإليرانية أنموذجا( - )-1980 1988، رسالة ماجستير، غير منشوره ، جامعة محمد بوضياف – المسيلة كلية العلوم اإلنسانية واالجتماعية.

**کتێبە کوردییەکان:**

ئەحمەد عەلی نەوزاد(٢٠١٣) ، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی نهینی یەکیتی نیشتمانی کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، بلاوکراوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ،سلیمانی.

- بارزانی، مەسعود،(٢٠١١) بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٧٥-١٩٩٠، بەرگی چوارەم ، بەشی دووەم، چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا.

- عومەرگوڵ، مارف(٢٠١٠)، جنیوسایدی گەلی کورد،چ٢ ،چاپخانەی ئاراس- هەولێر.

- مینە، ئەمین قادر(١٩٩٩)، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل تەعریب و تەبعیس ، چ٢، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی.

نێرەوەیی، عەلی تەتەر(٢٠١٠)، سیاسەتی حکومەتی لە کوردستان لەسایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١،ب١،چ١،چاپخانەی دهۆک- دهۆک.

**کتێبە عەرەبیەکان:**

- بطی، فائق،(٢٠١١) الموسوعة الصحفية الكردية فى العراق تاريخها و تطورها، ط1، دار المدي- بيروت.

- طالبانی، نوری(١٩٩٩)، منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومى ، ط الثانى .

- العزاوى ،دهام محمد(٢٠٢٣)، كركوك العراقية الصراع الهويات الفرعية ط 1، بيروت .

- رۆژهەلاتی، زریان (٢٠١٨)، هوية كركوك- التغير فى الدوله و الصراع فى كركوك، مطبعه رۆژهەلات- اربيل .

- مجموعه الباحثين(٢٠٠١)، بحوث الندوه العلميه حول كركوك ، مطبعة أراس- أربيل .

**کتیب ئینگلیزی:**

-Knights,michael with Ali Ahmed .Kirkuk in transition confidence building in northern Iraq , the Washington in statute for near east policy .april 2010.

-IHSAN .Mohammed. Administrative -changes in Kirkuk and other disputed-Araes 1968-2003 july 3021.

-katzman,kenneth-prados,alfred b , The kurds in post – Saddam Iraq -

Crs report for congress.5may 2005,p3.

**ڕۆژنامه و گۆڤارەکان**

**-گۆڤاری بابه گوڕگوڕ**

_ هەواڵێک، ژ(١)، ئابی ١٩٨٤.

_ له کەرکووکەوه هەواڵنێرمان ڕایگەیاندووه، بابەگوڕگوڕ،ژ(٣)، ئازاری ١٩٨٥.

_قەدەغه....، بابه گوڕگوڕ،ژ(٥) کانوونی دووەمی ١٩٨٦.

_ سیاسەتی زەوی سوتاندن، بابه گوڕگوڕ،ژ(٥) کانوونی دووەمی ١٩٨٦.

_ کەرکووک و سیاسەتی زەوی سوتێنراوی عەفلەقی یەکان، بابەگوڕگوڕ، ژ(٥)، کانوونی دووەم،١٩٨٦.

_ گۆشەی تاوانەکانی ڕژێم (کەرکووک...مانۆڕێکی نوێی ڕەگەزپەرستانه)، بابه گوڕگوڕ،ژ(٦) کۆتایی شوباتی ١٩٨٦.

_ تاوانەکانی ڕژێم، بابه گوڕگوڕ،ژ(٧)ئاداری ١٩٨٦.

_ تاوانەکانی ڕژێم، بابه گوڕگوڕ،ژ(٨)، نیسان و ئادار، ١٩٨٦.

_ من جرائم القتل العام فی کردستان( تاوانەکانی کوشتنی به کۆمەڵ له کوردستان)، بابەگوڕگوڕ،ژ(٨)، نیسان وئایار١٩٨٦.

_ سەرەتاکانی شەڕی پارتیزانی له کوردستان)، بابەگوڕگوڕ،ژ(٨)، نیسان وئایار١٩٨٦.

_ له سێدارەدانی تێکۆشەرێک، بابەگوڕگوڕ،ژ(٨)، نیسان وئایار١٩٨٦.

_ شەهید بوونی مەلای مزگەوتی تسعین، بابه گوڕگوڕ، ژ(٩)، سەرەتای تەمموز ١٩٨٦.

_ تاوانەکانی ڕژێم (ڕاپێچان... وێرانکردن، ڕاگوێزان، بابه گوڕگوڕ،ژ(١١) ئەیلولی ١٩٨٦.

_ ڕژێمی فاشی ، هەواڵ، تاوان، لێدان، بابه گوڕگوڕ،ژ(١٢-١٣) کانوونی یەکەم و کانوونی دووەمی ١٩٨٦.

_ گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی کەرکووک، بابه گوڕگوڕ، ژ(١٢-١٣) کانوونی یەکەم و کانوونی دووەمی ١٩٨٦.

_ تاوان و تاوانکاری، بابه گوڕگوڕ، ژ(١٤)، نیسان و مایس ١٩٨٧.

_گۆشەی شەهیدان، بابەگوڕگوڕ،ژ(١-١٥).

_ له چالاکیەکانی پێشمەرگەکانی لقی سێ، بابەگوڕگوڕ، ژ(١-١٥).

**- ئاڵای ئازادی**

-کەرکووک و سیاسەتی شوفیستانەی ڕژێم ، ئاڵای ئازادی ، ژ(٥) ، سالی (١)، کۆتایی ئەیلوولی ١٩٨٦.

- ساڵەیی و بڕیارێکی دیکەی فاشستیەکان ،، ژ(٦،٧) تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٦.

- خاپوورکردنی کوردستان هەڕەشه له نەمانی گەلەکەمان دەکات ، ژ(٣)، حوزەیرانی ١٩٨٦

- ڕاگواستن شارەکانیش دەگرێتەوە، ژ(١٠)، ئایاری ١٩٨٧.

**ڕۆژنامە: خەبات (شاخ)**

- چالاکیەکانی لێژنەی بەری جود ، (خەبات)، رۆژنامە، شاخ ، ژ(٥٥٢)،١٩٨٤/١١/١١.

- کەرکووکیان چۆن تەعریب کردووە، خەبات ، ژ(٥٥٤-٥٥٥)،کانوونی دووەم و شوبات ١٩٨٥.

- قەڵاچۆکردنی دێهاتی کوردستان ، خەبات ،ژ (٥٥٦-٥٥٧)، مارت و نیسان ١٩٨٥.

فەرمانی پشکنینی شارەکان خەبات ، ژ(٥٥٨-٥٥٩)،کانوونی دووەمی ١٩٨٦،.

- رژێمی فاشی کوردستانێکی بێ کوردی دەوێ ، خەبات ، ژ(٥٦٧-٥٧٨)، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٦.

-رێبازی خەبات، ( خەبات)، ژ(٥٧٤)، کانوونی یەکەمی ١٩٧٨.

وەزعی ناوەخۆی شارەکان، خەبات،ژ( ٥٧٥)، کانوونی دووەمی ١٩٨٨.

- کەرکووک و شاری کۆنی کوردان کەرکووک لە کورد حەرام دەکرێت(خەبات ، ژ(٥٨١)، تەمووزی ١٩٨٨.

- شەڕی لە ناوبردنی گەلی کورد، خەبات (٥٨٤)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٨.

**بەزمانی عەرەبی:**

- تدهور الاوضاع الداخلية للنضام بسبب الحرب، خەبات(النضال)، العدد(543)تشرين الثاني 1980.

## ڕێبازی نوێ( شاخ):

- ڕێبازی نوێ" ، "ڕۆژنامە" ، ژ(1) ، ساڵی یەکەم ، کانوونی دووەمی 1976.

بروسکە، رێبازی نوێ، ژ(٣)،ئازاری ١٩٨٥.

- کوردستان جێ ناهێلین ، رێبازی نوێ ، ژ(٤) نیسانی ١٩٨٥.

- بێ شێل کردنی مافی مرۆظ لە عێراق، رێبازی نوێ، ژ(٩)، حوزیرانی ١٩٨٥.

- پشکنینی شاری کەرکووک، ژ(١١) ، تشرینی دووەمی ١٩٨٥.

- تەقاندنەوی بۆری یەکی نەوت ، (ڕێبازی نوێ، ژ(١)،کانوونی دووەمی ١٩٨٦.

- لەتیپی ٢١ کەرکووک و تێکش شکاندنی هێرشێکی دوژمن، (ڕێبازی نوێ)، ژ(٢)،شوباتی ١٩٨٦

_ گرتنی شاری سەنگاو،(ڕێبازی نوێ)، ژ(٣)،مارتی ١٩٨٦

**- رێگای کوردستان( شاخ)**

_ کەرکووک و خانەقین دژی رژێم رادەپەرن، ژ(٢٣)، کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢.

_ لێرەو لەوێ ، رێگای کوردستان ،ژ(٢٩) ئایاری ١٩٨٤ .

**_ وتار و لێکۆلینەوەی زانستی:**

-جەمال ، ئامانج: مەجید فەرەج و حەسەن ئەحمەد،(٢٠٢٢) رەوشی سیاسی باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٨٧، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆلینەوەی ستراتیجی،ژ(٣).

- توفیق فەتاح ، لە ساڵ ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی ئازادی دا ، "ڕێگای کوردستان"، ژ(299)، 5/6/ 1998 .

-سەعید-سیروان( ٢٠٢٤)، بایەخی نووسینەوەی ڕووداوی مێژوویی لە رۆژنامەی ئالای ئازادی ١٩٨٦-١٩٨٨، توێژنەوەیەکی شیکارییە، گۆڤار ئەکادیمیای کوردی ،ژ(٦١).